


# ١٠١ شت
# لە بەشی تەلارسازی فێریان بووم

ماثیو فرێدریک

ماثیو فرێدریک

# ١٠١ شت
# لە بەشی تەلارسازی فێریان بووم

وەرگێڕان بۆ کوردی: هیمداد عەباس

# پێشەکی وەرگێڕ

وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەشێکە لە پرۆژەیەکی قازانج نەویست، بۆ زیاتر گەشەپێدانی ڕۆشنبیری تەلارسازی بە زمانی کوردی. بە خۆشحاڵیەوە هەموو کەسێک ئازادە لە چاپکردنی ئەم کتێبە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای من، تەنها بەو مەرجەی بۆ  هیچ دەستکەوتێکی ماددی و تایبەتی نەبێت.

هەر ڕەخنەو پێشنیارێکتان هەبوو دەتوانن لەسەر پێگەی goodreads بینووسن تایبەت بە کتێبەکە لەم لینکەی خوارەوە:
https://www.goodreads.com/book/show/36096338?ac=1&from_search=true

یان لەڕێگای ئەم ئیمێڵەوە پەیوەندیم پێوە بکەن :
architecthimdad@yahoo.com

یان لەڕێگای ئەم پەیجەوە لەسەر فەیسبووک:
https://facebook.com/andazyari.talarsazi

پێشکەشە بە **سۆرکێ**، کە ئەم کارەو زۆر کاری تری بۆ ئاسان کردووم.

# پێشەکی نووسەر

زۆر کەمن ئەو شتانەی کە جێگای دڵنیایی تەواوبن بۆ خوێندکارانی تەلارسازی. مەنهەجی تەلارسازی تاقەت پڕوکێن و سەرلێشێوێنەرە، کاتێکی درێژ و کتێبی زۆرو زەوەندی ئەوێت هەروەها زۆرجاریش زانیاریەکانی گرانن بۆ تێگەیشتن. ئەگەر وانەکانی بەشی تەلارسازی دڵگیر بن - کە لە ڕاستیشدا هەروان - ئەوا سەرباری ئەمە پڕیشن لە هەڵاوێردن و ووریاکەرەوە (بیکەو مەیکە) کە بە ئاسانی وا لە خوێندکاران ئەکات بپرسن تۆ بڵێی شتێکی جێگیر و چەسپاو هەبێت دەربارەی تەلارسازی تا ئێمە فێری ببین.
هەبوونی ناڕوونی و تەموومژ لە خوێندنی تەلارسازی دا لەڕاستی دا شتێکی زۆر پێویستە. چونکە سەرباری هەموو شتێک تەلارسازی بریتی یە لە بوارێکی داهێنەرانە، کارێکی گرانە بۆ مامۆستایانی تەلارسازی کە هەڵسن بە سەپاندنی یەک جۆر وانەی جێگیر و دیاریکراو، ئەمەش لەبەر هەبوونی ترسیان لە دانانی سنووربەندی لەسەر توانای داهێنەرانەی قوتابیان. والآیی مەنهەج و لابردنی کۆتوبەند ئاکامەکەی دەبێتە هۆی کرانەوەی ئاسۆیەکی فراوان لەپێش خوێندکاران و چەندین ڕێگای جوان ئەدۆزنەوە، بەڵام زۆرجار هەستێکی وایان بۆ دروست ئەبێت کە تەلارسازی لەسەر لمی فشەڵ بونیات ئەنرێت نەوەک زەویەکی ڕەق.
ئامانجی ئەم کتێبە پتەوکردنی بناغەکانی ستۆدیۆی دیزاینی تەلارسازی یە لەڕێگای باسکردنی کۆمەڵێک بابەتەوە کە بەهۆیانەوە پرۆسەی دیزاین گەشە ئەکات. هەریەکە لەم وانانەی کە باس کراون سەبارەت بە دیزاین، ڕەسم کێشان، پرۆسەی داهێنەرانە، پرێزنتەیشن، هەر لە سەرەتاوە وەکو تروسکاییەکی خامۆش هەستم پێیان کردووە لەدرێژەی ڕێگا تەماویەکەی خوێندنم دا. بەڵام


بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە وەکو تەلارسازێک و وانەبێژێک بەسەرم بردووە، گەشاوەتر و ڕوونتر بوونەتەوە بۆم. ئەو کێشەو پرسیارانەی کە ئەم وانانە هەوڵی چارەسەرکردنیان ئەدەن وەکو کێشەو پرسیاری بنەڕەتی ماونەتەوە لە خوێندنی تەلارسازی دا، خوێندکارەکانم بەردەوام نیشانم ئەدەن کە پرسیار و سەرلێشێوانەکانی بەشی تەلارسازی ڕەهەندێکی جیهانیان هەیە.
داواکارم لێت کە ئەم کتێبە بە کراوەیی لەسەر مێزەکەت جێبهێڵی کاتێک لە ستۆدیۆ ئیش ئەکەیت، لەناو گیرفانت دا هەڵیبگریت تا لەناو هۆکارەکانی گواستنەوەدا بیخوێنیتەوە، هەروەها لەوکاتانەدا سەیری بکەیت کە پێویستت بە چارەسەرێکی خێرایە بۆ کێشەکانی دیزاینت. هەرشتێک بکەیت لەگەڵ ئەم وانانەدا، سوپاسگوزار بە کە من لەلات نیم تا بێشومار هەڵاوێردن و ووریاکەرەوت بۆ دیاری بکەم بۆ هەریەکێک لەم وانانە.

**ماثیو فرێدریک، تەلارساز**
مانگی ئابی ٢٠٠٧

# سوپاس و پێزانین

سوپاسێکی بێ پایانم هەیە بۆ دیبۆرا کانتۆر ئادەمز، جولیەن چانگ، ڕۆجەر کانۆڤەر، دێریک جۆرج، یاسویۆ ئیگوچی، تێری لاموریو، جیم لارد، سوزان لویس، مارک لۆوێنذەل، تۆم پارکس، بۆ ئەو مامۆستایانەی تەلارسازیم کە بایەخیان ئەدا بە ئینگلیزیەکی سادەو ڕەوان، بۆ خوێندکارانم کە هەستاون بە پرسیار کردن و وەڵامدانەوەی چەندین پرسیار کە ڕێگایان خۆشکرد بۆ هاتنەکایەی ئەم کتێبە، وە لە هەموویان زیاتر بۆ هاوبەش و وەکیلەکەم سۆرکێ فێیەربانک.

**١٠١ شت** لە بەشی تەلارسازی فێریان بووم




بەڵێ




نەخێر


١

# چۆنیەتی کێشانی خەت

١. ئەندازیارانی تەلارسازی لە وێنەکێشاندا خەتی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی جیاواز. بەڵام ئەو جۆرە خەتەی کە بە نسبەتی تەلارسازییەوە تایبەتمەندی هەیە، بەشێوەیەک دەکێشرێت کە لە سەرەتاو کۆتاییدا جەختی لەسەر بکرێتەوە (دەستی لەسەر دابگیرێت). پەیڕەوکردنی ئەم تەکنیکە وا ئەکات کە خەتەکە لەسەر کاغەز جێگیر ببێت هەروەها تێریەتی و هێزو تین ئەبەخشێت بە وێنەکە. ئەگەر خەتەکان لە سەرەتاو کۆتایی دا کاڵ ببنەوە، وێنەکانت کرچوکاڵ و ناڕوون دەرەکەون. بۆ ئەوەی خۆت لێڕابهێنیت تا خەتی ڕوون و بەهێز بکێشیت، هەوڵ بدە لە سەرەتاو کۆتایی هەموو جوڵەیەکی قەڵەمەکەتدا خاڵێک دروست بکەیت یاخود بە پێچەوانەی ئاڕاستەی پێنووسەکەت بەخێرایی کەمێک بگەڕێیتەوە بۆ دواوە.

٢. لەو شوێنەی کە خەتەکان بەیەک ئەگەن یا کەمێک لە یەکتری دەربچن، ئەمە پارێزگاری لە گۆشەکان ئەکات تا بەشێوەیەکی نەخوازراو بازنەیی دەرنەکەون.


٣. لەکاتی سکێچ کردندا، خەتەکانی سەر کاغەزت مەکە بەهاوشێوەی ئەو خەتانەی بە پەڕاموچە کێشراون، واتە خەتێکی شپرزەو ناڕوون دروست مەکە لە چەندین پارچەی کورت و بەسەر یەکداچوو پێکهاتبێت. لەبری ئەوە پێنووسەکەت لەسەرەتاوە بجوڵێنە تا کۆتایی دەست هەڵمەگرە بە جوڵەیەکی نەرم و نیانی کۆنترۆڵ کراو. وا باشە کە سەرەتا خەتێکی کاڵ بکێشیت وەکو گایدلاین پێش کێشانی خەتی کۆتایی. دوای تەواوبوونی وێنەکەش گایدلاینەکان مەسڕەوە، چونکە تایبەتمەندی و زیندوێتی ئەبەخشن بە وێنەکە.


گراوند
(زەمینە)
فیگەرەکان
(شێوەکان)

٢

*فیگەر* بریتی یە لە توخمێک یاخود شێوەیەک کە لەسەر لاپەڕە، کانڤەس، یان باکگراوندێک جێگیرکراوە.
*گراوڵند* بریتی یە لە بۆشایی لاپەڕەکە.

فیگەر هەروەها ناودەبرێت بە تەن، فۆڕم، توخم، یاخود شێوەی ئەرێنی positive shape.
لە لایەکی تریشەوە گراوند ناودەبرێت بە بۆشایی، بۆشایی بەجێماو، بۆشاییی سپی، بوار.



چوار فیگەر بەشێوەیەکی
هەڕەمەکی ڕێکخراون کە
لە ئەنجامدا بۆشاییەکی
نەرێنیان جێهێشتووە
negative space



هەمان چوار فیگەرەکە
بەشێوەیەکی تر ڕێکخراون
بۆ دروستکردنی
بۆشاییەکی ئەرێنی
positive space
(سێگۆشەیەک)



هەمان چوار فیگەرەکەی
پێشوتر دیسان بە جۆرێکی
تر ڕێکخراون بۆ
دروستکردنی بۆشاییەکی
ئەرێنی positive space
(پیتی Aی ئینگلیزی)

# ٣


## بیردۆزی فیگەر-گراوند ‘‘figure-ground theory’’ دەڵێت ئەو بۆشاییەی کە دروست ئەبێت لە دەرەنجامی دانانی فیگەرەکانەوە دەبێت بە گرینگی یەوە لێی بڕوانرێت بە ئەندازەی گرینگی خودی فیگەرەکان.

بۆشایی پێی دەوترێت بۆشایی نەرێنی negative space ئەگەر هاتوو لەدوای دانانی فیگەرەکان شێوەیەکی دیاریکراوی نەبێت، وە پێی دەوترێت بۆشایی ئەرێنی positive space ئەگەر هاتوو  شێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت.



٤

کاتێـک توخمـەکان یاخـود بۆشـاییەکان ڕوون و ئاشـکرا نیـن سـەرەڕای ئـەوەی کـە دیاریشـن – ئەتوانێـن بیانبینین بـەڵام بەشـێوەیەکی ڕوون نایانبینیـن- لەوبـارەدا پێیـان ئەوترێـت کە ئاماژە بەخشن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.



# ٥

## بیردۆزی سۆلید-ڤۆید "solid-void theory" بریتی یە لە بیردۆزێکی سێ ڕەهەندی هاوتای بیردۆزی فیگەر-گراوند. بیردۆزەکە دەڵێت ئەو بۆشایی یە قەبارەییانەی کە دروستکراون یا بەشێوەیەکی ئاماژەبەخش پێکهێنراون بەهۆی دانانی تەنە سۆلیدەکانەوە، بە ئەندازە و بگرە زیاتریش جێگای بایەخن وەک لە خودی تەنەکان.


بۆشاییەکی سێ ڕەهەندی بە بۆشایی ئەرێنی دائەنرێت ئەگەر هاتوو شێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت لەگەڵ بەخشینی ئەو هەستەی کە سنور یاخود قەراغێکی هەیە لەنێوانی دەرەوەو ناوەوەدا. بۆشایی ئەرێنی دەتوانرێت دیاری بکرێت بەبێ شومار شێوەی جیاواز لەڕێگای خاڵ، هێڵ، ڕوتەخت، قەبارەی سۆلید، درەخت، لێواری بینا، پایە، دیوار، زەوی لاربووەوە، هەروەها ژمارەیەکی بێکۆتا لە توخمی تر.

تێبینی:

١. سۆلید= تەندار، ڤۆید= بۆش

٢. بۆشایی قەبارەیی volumetric space مەبەست لێی بۆشاییەکی سێ دووری یە.

٣. بیردۆزی سۆلید ڤۆید تایبەتە بە سێ دووری، بەڵام بیردۆزی فیگەر گراوند تایبەتە بە دوو دووری.





گۆڕەپانی دەورەدراو لەناو کامپەسی کۆلێژەکاندا فەزایەکی پەسندە
بۆ کۆبونەوەو کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەسەربردنی کات


٦

## ئێمە بەناو فەزای نەرێنی دا گوزەر ئەکەین و لەناو فەزای ئەرێنی دا نیشتەجێ ئەبین.

شێوەو کوالیتی فـەزا تەلارسازیەکان کاریگەریەکی مەزنیان هەیە بەسەر ئەزموون و ڕەفتاری مرۆڤـەوە، ئەمەش لەبەرەوەیە کە ئێمە لەناو فەزاکانی ژینگەی دەستکردماندا نیشتەجێ ئەبین نەوەک لەناو دیوار و سەقف و پایەکان کە ئەو فەزایانە دروست ئەکەن. فـەزا ئەرێنیەکان بەلای خەڵکەوە پەسندن بۆ بەسەربردنی کات و کارلێکی کۆمەڵایەتی. هەرچی فەزا نەرێنیەکانە، برەو ئەدەن بە جموجۆڵ و هاتوچۆو لەجیاتی نیشتەجێ بوون تیایاندا.



قەراغ شارێکی هاوچەرخ
نەخشەی فیگەر-گراوند



شارێکی چاخەکانی ناوەڕاست
نەخشەی فیگەر-گراوند

**٧**

# بیناکانی قەراغ شار  بە شێوەی تەنێکی سەربەخۆ لە ناو فەزا دا وەستاون،
# بەڵام بیناکانی ناوشار زۆربەی جار بریتین لە دروستکەری فەزا.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاتێک بینا دروست ئەکەین، تێکڕای هەوڵەکانمان چڕ ئەکەینەوە لەسەر  شێوەی بیناکان، بەڵام شێوەی فەزای دەرەوە کە دەوری بیناکەی داوە زیاتر وەکو زیادەو بەرماوێک هەژماری ئەکەین. ئەو فەزایانەی دەرەوە، وەک ئەوانەی کە بەشێوەیەکی باو لە قەراغی شاردا بەدی ئەکرێن، بریتین لە نێگەتیڤ سپەیس لەبەرەوەی بیناکان وەها ڕێکنەخراون کە شێوەیەکی دیاریکراو ببەخشن بە فەزاکانی نێوانیان.
هەرچی بیناکانی ناوشارە، ئەوا بەزۆری لەژێر تێڕوانینێکی پێچەوانەی یەکەمدا دیزاین کراون، شێوەی بیناکان لاوەکیانە هەژمار ئەکرێت بەراورد بە شێوەی فەزا گشتیەکان، بە ڕادەیەک کە هەندێ بینای ناوشار شێوەکەیان شێوێنراوە بە ئامانجی ئەوەی پلازا و کۆڕتیارد و مەیدانەکانی ڕۆخیان شێوەیەکی پۆزەتیڤانە وەربگرن.



٨

”تەلارسازی بریتی یە لە دروستکردنێکی هۆشیارانەی فەزا“.

\- لویس کان




نەسبی جەنگاوەرە کۆنەکانی شەڕی ڤێتنام
واشنتنی پایتەخت، ١٩٨٢
دیزاین کراوە لەلایەن: مایا لین

٩

## هەستی جێگا sense of place


Genius loci جینیەس لۆسای بەشێوەیەکی حەرفی بە مانای بلیمەتی جێگا دێت. ئەو دەستەواژەیە بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو جێگایانەی کە بە قوڵی دێنەوە یاد بەهۆی بەرزی کوالیتی تەلارسازی و ئەزموونکردنیان.



١٠

## ئەزموونکردنی هەر فەزایەکی تەلارسازی دەکەوێتە ژێر کاریگەری چۆنیەتی گەیشتنمان بە فەزاکە.

فەزایەکی بەرز و ڕۆشن بەرزتر و ڕوناکتر دەرەکەوێت ئەگەر فەزایەکی هاودژی بخرێتەپاڵ سەقفێکی نزمتر و ڕوناکیەکی خامۆشتری هەبێت. فەزایەکی پیرۆز یاخود مەزن بایەخدارتر دەرەکەوێت کاتێک دەخرێتە کۆتایی ڕیزێک فەزای بچوکتر یان کەم بایەختر. ژورێک کە پەنجەرەکانی کەوتبنە لای باشوور ئەوا بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئەزموون دەکرێت ئەگەر هاتوو کەسێک پێشتر بە چەند ژوورێکی تردا ڕۆیشتبێت کە پەنجەرەکانیان کەوتبنە لای باکور.




١١

# بنەمای ''نکۆڵی و پاداشت'' بەکاربهێنە بۆ دەوڵەمەندکردنی تێپەڕبوون بەناو ژینگەی دەستکرد دا.

لەکاتی تێپەڕینمان بەناو بیناو شار و شارۆچکەکاندا، لە مێشکی خۆماندا هەڵدەستین بە بەستنەوەی نمونەی بینراو لە چواردەورمان لەگەڵ پێداویستی و ڕوانینە تایبەتیەکانی خۆمان. تێریەتی و دەوڵەمەندی ئەزمونەکانمان بەشێوەیەکی گەورە بریتین لە دەرەنجامی شێوازی ئەو پەیوەندیانە.

نکۆڵی و پاداشت دەکرێ هاندەر بێت بۆ گەلاڵەکردنی ئەزمونێکی دەوڵەمەند. لە دیزاینکردنی ڕێگای هاتووچۆی پیادە، هەولبدە دیمەنێکی ئەو ئامانجە بۆ بەکارهێنەران بخەیتەڕوو کە ئەیانەوێت پێی بگەن - ئەو ئامانجە قادرمەبێت، مەدخەلی بینایەک بێت، مۆنۆمێنت بێت، یان هەر ئێلەمێنتێک بێت- ئینجا بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لێیان بشارەوە کاتێک بەردەوامن لە ڕۆیشتن بۆی، جارێکی تر ئامانجەکە دەربخەوە لە گۆشەیەکی جیاوازەوە یان بە دەرخستنی دیتێڵی تازەی سەرنجراکێشەوە. ئینجا بەکارهێنەران ئاراستە بکە بۆ سەر ڕێگایەکی پێشبینی نەکراو بۆ شەیدابوونی زیاتر یان هەستکردنێکی کاتی بە لەدەستچوونی ئامانجەکە، ئینجا خەڵاتیان بکەوە بە ئەزمونی سەیر یان دیمەنی تری ئامانجەکەیان. ئەم ئیشە زیادەیە وا ئەکات گەشتەکە سەرنجراکێشتر و گەیشتن بە ئامانجەکە خۆشی بەخشەرتر بێت.




**مۆزەخانەی گوگنهایم، نیویۆرک - ١٩٥٩**
تەلارساز: فرانک لوید ڕایت

## ١٢

# فەزایەکی تەلارسازی دیزاین بکە کە بگونجێت لەگەڵ پرۆگرامێک، ئەزمونێک یاخود مەبەستێکی *تایبەتی* دا.


هەروا هەرەمەکیانە لاکێشەیەک دروست مەکە لەسەر پلانەکە – یان هەر شێوەیەکی تر بێت - ئینجا ناوێکی لێبنێیت و ئینجا وایدابنێی کە تەواو ئەگونجێت لەگەڵ وەزیفەی دیاریکراو دا. بەڵکو پێشەکی بەجوانی لە داواکاریەکانی پرۆگرامەکە وورد بەرەوەو لێیان تێبگە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی ئەو چالاکیانەی کە لەو فەزایەدا ئەنجام دەدرێن، هەوڵبدە ئەو مەوقیف و ئەزموونانە بێنیتە پێش چاوت کە لەژیانی واقیعی دا لەو فەزایەدا ڕوو ئەدەن، ئینجا تەلارسازییەک دیزاین بکە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو چالاکیانەداو بەرەو باشتریان بەرێت.


كۆگا
جێگای بەرهەمهێنان
ئۆفیس
ئۆفیس
ئۆفیس
ئۆفیس
پۆستە
(بەرید)
پێشوازی
جێگای
چاوەڕوانی

١٣

# سپەیس پلانینگ بریتی یە لە ڕێکخستن و ڕیزکردنی فەزاکان تا بگونجێن لەگەڵ پێداویستیە وەزیفیەکان.

سپەیس پلانینگ پسپۆڕیەکی گرینگە بۆ هەر ئەندازیارێکی تەلارسازی. بەڵام ڕێکخستنی فەزاکان تاوەکو داواکاریەکانی وەزیفە لەخۆی بگرێت، بە بەشێکی بچووک دائەنرێت لەو کارەی کە تەلارسازان پێی هەڵدەستن. سپەیس پلانەر هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی کێشەی وەزیفی گونجاندنی بینایەک لەسەر مەوقیعەکەی، بەڵام ئەندازیاری تەلارسازی سەرەڕای ئەمە گرینگیش دەدات بە مانای مەوقیعەکە و ئەو بینایانەی کە ئەکەونە ناوی. سپەیس پلانەر هەڵدەستێت بە دروستکردنی ڕوبەرێکی وەزیفەیی بۆ ئەوانەی لە ئۆفیس کار ئەکەن، ئەندازیاری تەلارسازی ڕەچاوی سروشتی ئەو کارە ئەکات کە لە ژینگەی ئۆفیسدا ئەنجام ئەدرێت، مانایەکەی بەلای کرێکارانەوە، هەروەها بەهای کارەکە بەلای کۆمەڵگەوە. سپەیس پلانەر هەڵدەستێت بە دابینکردنی فەزا بۆ کردنی یاری باسکە، ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە تاقیگەکاندا، دروستکردنی پارچەی ئامێرەکان، نمایشکردنی بەرهەمی شانۆیی. بەڵام ئەندازیاری تەلارسازی ئەزموونکردنی هەریەکە لەو جێگایانە پڕ دەکات لە چەندین هەستی جیاواز و کاردانەوەی دەروونی وەکو تەوس، خۆشی، دەوڵەمەندی، جوانی، گاڵتە.




١٤

## تەلارسازی بە بیرۆکەیەک دەستپێ ئەکات


چارەسەرە باشەکانی دیزاین تەنها لەلایەنی فیزیایی یەوە سەرنج ڕاکێش نین (فۆڕمی دەرەوەیان) بەڵکو بنرێژکراون بە بیرۆکەی گرینگ و بنچینەیی. بیرۆکە بریتی یە لە پێکهاتەیەکی زیهنی تایبەتمەند، کە بەهۆیە دەتوانین زانیاری و ئەزموونە دەرەکیەکانمان ڕێکبخەین و لێیان تێبگەین هەروەها مانایان پێ ببەخشین. بەبێ هەبوونی بیرۆکەیەک کە دیزاینی بیناکانیان ئاڕاستە بکات، ئەندازیارانی تەلارسازی تەنها بە سپەیس پلانەر دائەنرێن. سپەیس پلانینگ و دانانی دیکۆرەیشن بۆ مەبەستی جوانکاری ئەمە بە تەنها پێی ناوترێ تەلارسازی ڕاستەقینە. تەلارسازی دەکەوێتە ناو DNAی بینا، وەکو هەستێک کە بڕژێتە ناو سەرلەبەری بیناکە.




پەنجەیەک ئاژنراوتە ناو
دارستان




هەندێ شێوەی نامۆ
تەجاوزیان کردوە بۆ ناو
فەزایەکی خاوێن




تەختیتێکی تیشکدار Radial
کە یەکێک لە بەشەکانی وون بووە



دوو شێوە پیتی L
کە لەگەڵ یەکتریدا ناتەبان



ناوەڕاستی بیناکە core
ناوچەی گشتی و تایبەتی
لەیەک جیاکردۆتەوە



بۆکسێک کە بەشێکی لێ
دەرهێنراوە

۱۵

# پارتی parti بریتی یە لە بیرۆکەی بنچینەیی یاخود کۆنسێپتی بینا.

دەتوانرێت بە چەندین رێگا تەعبیر لە پارتی بکرێت، بەڵام بەزۆری بە هێڵکاریەک تەعبیری لێ ئەکرێت کە رێکخستنی گشتی پلانی تەلارەکە نیشانبدات لەگەڵ خستنەڕووی شێوازی ئەزمونکردنی و لایەنی جوانی. هێڵکاری پارتی دەکرێ زۆر شت روون بکاتەوە وەکو بارستەکاری massing، دەروازە، پلەبەندی فەزاکان، پەیوەندیەکانی سەر سایت، ناوەندی بیناکە core، جوڵەی هاتووچۆ لە ناوەوە circulation، ناوچەی تایبەتی و گشتی public/private، رۆشنی و تەنداری solidity/transparency. رێژەی ئەو سەرنجەی کە دەدرێت بە هەریەک لەم فاکتەرانەش لە پرۆژەیەکەوە بۆ پرۆژەیەکی تر دەگۆڕێت.


ئەو پارتیانەی کە لێرەدا خراونەتەڕوو هی ئەو پرۆژانەن کە پێشوتر بیریان لێکراوەتەوە. رێی تێناچێت و بگرە کارێکی مەحاڵیشە، بەوەی کە پارتی پرۆژەیەکی کۆن بهێنین و دوبارە بەکاری بهێنینەوە بۆ پرۆژەیەکی تازە بەسەرکەوتووی. پرۆسەی دیزاین بریتی یە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ دروستکردنی پارتیەکی دەگمەن و گونجاو بۆ پرۆژەکە.

هەندێ کەس دەڵێن پارتیەکی نمونەیی گشتگیر و هەمەلایەنەیە، بەوەی کە هەموو تایبەتمەندیەکی بیناکەمان پێ ئەڵێت هەر لە رێکخستنی گشتی بیناکەوە بۆ سیستەمی ئینشائی و تەنانەت بۆ شێوەی جەرەسی دەرگاکان. هەندێکی تریش پێیان وایە کە پارتی یەکی نمونەیی و تەواو نە شتێکی ویستراوەو نە دەتوانرێت بەدەستیش بهێنرێت.

تێبینی:

پارتی Parti وشەیەکی فەرەنسی یە بە مانای بریاردان یاخود بیرۆکەیەکی گەورە دێت. بریتی یە لەو بریار و بیرۆکانەی کە لەپشتەوەی هەموو کارێکی دیزایندان و بەشێوەی دایەگرام یاخود نوسینی سادە خراونەتە روو.


دروستکردنی پارتی لەپێش دروستکردنی پلان و واجیهەو سێکشنەکانەوە دێت، واتە لە دەستپێکی کارەکەوە. بەگشتی زاراوەی **کۆنسێپت** زیاتر بەکاردەهێنرێت لە ئەدەبیاتی تەلارسازی دا



١٦

# پارتی لە بۆچون و لێکدانەوەیەک وەرەگیرێت کە تەلارسازی نیە و پێویستە گەڵاڵە بکرێت پێش هێنانە ئارای فۆڕمی تەلارسازی

پارتی لە باشترین حاڵەتی خۆیدا لەو بابەتانەوە وەردەگیرێت کە باڵاترن وەک لە تەلارسازیەکی پەتی.
بۆ نمونە دوو پیتی ئێڵەکە پارتییەکی گونجاوە بۆ بینایەکی تازەی حکومی کە لە دوو لایەن پێکهاتبێت پێشوتر ناکۆک و شەڕکەر بوون دواتر نەتەوەیەکی تازەیان پێکهێناوە. بارستەیەکی فۆڕم کە چۆتە ناو دارستانەکە لەوانەیە لە دەرەنجامی بڕوایەکی ژینگەییانەوە هاتبێتەکایەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کێڵگەو دارستان. بەشە ونبووەکەی تەختیتەکە لەوانەیە ئاماژەی فەلسەفەیەک بدات کە مانەکەی ئەوەبێت: لەدەستدان دەبێتە هۆی دروستبوونی دەرفەت.


CHURCH
OF
EVERYONE
CHURCH OF
PURPLE-STRIPED
VEGETARIANS


١٧

# هەتا بیرۆکەی دیزاین زیاترو زیاتر تایبەتی بێت، توانای ڕاکێشانی خەڵکی بۆلای خۆی زیاتر ئەبێت

کارنەکردن بەگوێرەی ئاراستەیەکی دیاریکراو لەکاتی هەوڵداندا بۆ ڕاکێشانی دڵی هەمووان، دەرەنجامەکەی بەوە کۆتایی دێت کە دڵی کەس ڕاناکێشێت. بەڵام پەنابردنە بەر ڕوانگەیەکی تایبەتی، گوتەیەکی خەمناک، بۆچونێکی گاڵتەجاڕانە، ئەندێشەیەکی قوڵ، پەیوەندیەکی ڕۆشنبیری، قسەیەکی سیاسی، یان باوەڕی سروشتی خۆت بە کاری داهێنەرانە، یارمەتیدەرت ئەبن بۆ ئافراندنی ژینگەیەک کە خەڵکی هەریەکەو بە شێوازی خۆیان لەگەڵیدا ئاشنا بن.

قادرمە بۆ ئەو ڕۆژە دیزاین بکە کە بوکێکی پەشۆکاو بەسەریدا دێتە خوارەوە. پەنجەرەیەک وەها دروست بکە کە دیمەنێکی دیاریکراوی درەختێکی دیاریکراو نیشان بدات لە ڕۆژێکی ناوازەی پایزدا. بالکۆنیەک دروست بکە بۆ خراپترین دیکتاتۆر لە جیهاندا تا لەوێوە سەرزەنشتی ژێردەستەکانی بکات. جێگایەکی دانیشتن بۆ کۆمەڵێک هەرزەکار دروست بکە تا لەوێ گلەی و گازندە بکەن دەربارەی دایک و باوکیان و مامۆستاکانیان.


دیزاین کردن بەگوێرەی بیرۆکەیەکی تایبەتی نابێتە هۆی سنوردارکردنی ئەو ڕێگایانەی کە خەڵک بەکاریاندەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە بیناکانت، بەڵکو ڕێگایان ئەدات تا لێکدانەوەو بیروڕا تایبەتیەکانی خۆیان بخەنە کار بۆ تێگەیشتن لە دیزاینی بیناکە.



١٨

# هەموو بریارێکی دیزاین پێویستە بەلای کەمەوە لە دوو ڕێگاوە ڕەوایەتی پێ ببەخشرێت.

ئامانجی سەرەکی قادرمە بریتی یە لە ڕەخساندنی گواستنەوەو هاتووچۆ لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمیکی تر، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی باش و گونجاو دیزاین بکرێت دەتوانێت ببێتە جێگایەک بۆ کۆبوونەوە، ئێلەمێنتێکی پەیکەریانە، هەروەها ئامرازێک بۆ ئاڕاستەکردن لە فەزای ناوەوەی بینا دا. پەنجەرەیەک دەتوانێت بەسەر دیمەنێکی تایبەتی دا بکرێتەوە، سەر دیوارێک ڕوناک بکاتەوە، سەرنجی بەکارهێنەرانی بیناکە بەرەو دیمەنەکانی لاندسکێپی دەرەوە ئاڕاستە بکات، ئەستوری دیوارەکە نیشان بدات، سیستەمی ئینشائی تەلارەکە دەربخات، هەروەها پەیوەندیەکی تەوەرەیی پێکبهێنێت لەگەڵ ئێلەمێنتێکی دیکەی تەلارسازیدا. ڕیزێک پایە دەتوانێت ڕاگرێکی ئینشائی بێت، ڕاڕەوێک دیاری بکات بۆ جوڵەو هاتوچۆ، ببێتە ئامرازێک بۆ نیشاندانی ڕێگا، یان بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی گونجاویی (ئیقاع) کاتێک دەخرێتە پاڵ کۆمەڵێک ئێلەمێنتی دیکەی تەلارسازی نارێکەوە.
لە هەموو ئێلەمێنتەکانی بینادا دەتوانرێت چەندین دەرفەتی وەها بدۆزرێتەوە بۆ ڕەوایەتی دان بە دیزاینکردن و دانانی ئەو ئێلەمێنتانە. هەتا زیاتر ڕەوایەتی بدەی یاخود بیانوو بهێنیتەوە بۆ هەر ئێلەمێنتێک کە دایئەنێی ئەوا باشترە.



١٩


# پله به پله وێنه بكێشه

لەکاتی وێنەکێشاندا، بەهیچ شێوەیەک لەسەرەتای لەوحەکەتەوە ڕاستەوخۆ سەدا سەد مەچۆرە ناو دیتێڵەکانەوەو ئینجا بەمشێوەیە لە ڕەسمکردن بەردەوام بیت بڕۆیت بەرەو ئەوسەری لەوحەکە کە هێشتا سپی یە. بەڵکو سەرەتا لە ئێلەمێنتە گرینگ و گشتییەکانی کۆمپۆزیشنەکەوە دەستپێ بکە ئینجا بەرە بەرە بڕۆ ناو دیتێڵەکانەوە. هەر لەسەرەتاوە هەموو لەوحەکەت بکە بە هێڵکاری. خەتی کاڵ بەکاربێنە وەکو گایدلاین، ڕێکخستنێکی ئەندازەییانە بدە بە ئێلەمێنتەکانی ناو کۆمپۆزیشنەکە، تەکنیکە بەسەریەکان بەکاربهێنە بۆ بەراورد کردنی جێگا و پرۆپۆرشن و پەیوەندیەکانی نێوان ئەو ئێلەمێنتانەی کە وێنەیان ئەکێشیت. هەرکاتێک لەم ئاستەدا هەندێک سەرکەوتنت بەدەستهێنا ئینجا بڕۆ بۆ قۆناغی داهاتوو، بۆ ئاستی دیتێڵ و ووردەکاری. ئەگەر هەستت بەخۆت کرد کە تەرکیزت کردۆتە سەر دیتێڵێک لە شوێنێکی تایبەتی سەر وێنەکەتدا، بۆ ماوەیەکی کورتخایەن پێیەوە خەریک بە ئینجا بڕۆ بۆ سەر شوێنەکانی تری وێنەکە. بەردەوام سەرکەوتنی خۆت هەڵسەنگێنە، گۆڕانکاری لەو شوێنانەی وێنەکەدا بکە کە پێویستیان بە گۆڕانکاریە لەسەر ئاستی تەواوی لەوحەکە.



٢٠


ئەندازیاران مەیلیان بەلای ئەوەدایە کە گرینگی
تەنها بە شتە ماددیەکان بدەن. بەڵام تەلارسازان
بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زیاتر گرینگی ئەدەن بە
کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ئەو شتە ماددیانەدا.



## تەلارساز شتێک دەزانێت دەربارەی هەموو شتێک، ئەندازیار هەموو شتێک دەزانێت دەربارەی یەک شت.

(تەلارساز لە هەموو شتێک شتێک ئەزانێت، ئەندازیار لە یەک شت هەموو شتێک دەزانێت)

تەلارساز کەسێکی فرە ڕۆشنبیری یە نەوەک پسپۆڕ بێت بە تەنها لە بوارێکی تایبەتی دا. ڕێبەری سەمفۆنیایە نەوەک مۆسیقاژەنێکی بەهرەدار کە بتوانێ هەموو ئامێرەکان بژەنێت بە تەواوی. وەکو پیشەگەرێک و لەکاتی بەجێهێنانی پیشەکەی دا، تەلارساز هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی تیمێک لە کەسانی پرۆفیشناڵ کە پێکهاتبێت لە ئەندازیارانی شارستانی و میکانیک، دیزاینەری ئینتیریەر، ڕاوێژکاری یاساکان و کۆدەکانی بینا، تەلارسازی لاندسکێپ، شارەزایانی بواری خەملاندن، بەڵێندەران وە هەروەها پسپۆڕ لە بوارەکانی تر بەگوێرەی پێویستی. کارێکی ئاسایی یە کە بەرژەوەندی هەندێ لە ئەندامانی تیمەکە بەریەک ئەکەون لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوانی تردا. بۆیە لەسەر تەلارساز پێویستە کە زانیاری پێویستی هەبێت دەربارەی سەرجەم بوارەکان تا بتوانێ سازان و گونجان لەنێوان خواستە جیاوازەکانی تیمەکە دروست بکات لەهەمان کاتدا ڕێز لە داواکاریەکانی خاوەن کار و سەلامەتی تەواوی پرۆژەکە بگرێت.




**Stylus**

ABCDEFGHIJKLMNOPQRSTUVWXYZ
1234567890 abcdefghijklmnopqrstuvwxyz

**City Blueprint**

ABCDEFGHIJKLMNOPQRSTUVWXYZ
1234567890 abcdefghijklmnopqrstuvwxyz

**Bernhard Fashion**

ABCDEFGHIJKLMNOPQRSTUVWXYZ
1234567890 abcdefghijklmnopqrstuvwxyz

٢٢

# چۆن پیتی دەستنووس دروست بکەین بە شێوازێکی تەلارسازیانە؟

بەدەست نووسین بە شێوازێکی تەلارسازیانە پەیوەستە بە هەندێک بنەماو تەکنیکەوە:

١. ڕوونی دەستوخەت و بەیەکەوە گونجانی پیتەکان لەسەرووی هەموو شتێکەوە دابنێ.

٢. گایدلاین بەکاربێنە (چ ڕاستی بێت یان خەیاڵی) بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاست و ڕێکی دەستوخەتت.


٣. لە سەرەتاو کۆتایی هەموو لێدانێکی قەڵەمەکەتدا دەستت دابگرە و با لێدانەکان هەندێکیش لە یەکتری دەربچن لە هەر شوێنێک کە بەیەک ئەگەن، هاوشێوەی کێشانی خەتەکان.

٤. کە قەڵەمەکەت ئاسۆیانە ئەجوڵێنیت لاریەکی کەمی بدەرێ بەرەو سەرەوە، ئەگەر قەڵەمەکەت بەرەو خوارەوە لاربێتەوە پیتەکانت سواو دەرەکەون.

٥. ئەو جوڵەیەی قەڵەمەکەت کە بەشێوەیەکی چەماوە ئەڕوات، با کێرڤەکە پڕ و تەواو بێت وەکو کێرڤی باڵۆن وابێت.

٦. سەرنجێکی تەواو بخەرە سەر بڕی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان پیتەکاندا بەجێ دەمێنێت. بۆ نمونە پیتی *E* ئینگلیزی بۆشایەکی زیاتری دەوێ کاتێک دەکەوێتە دوای پیتی *I* وەک لەوەی کە دەکەوێتە دوای پیتی S یان T.

هەندێ فۆنتی ستانداردی سەر کۆمپیوتەر لە دەستوخەتێکی تەلارسازیی ئەچن ئەتوانیت بەکاریان بهێنیت وەکو ڕێبەریەک تا ئەوکاتەی شارەزایی خۆت لە دەستوخەتدا زیاد ئەکات.




**سەیرکردنی حەقیقەت بەشێوەیەکی خودیانە**
قاڵبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ

**سەیرکردنی حەقیقەت بەشێوەیەکی بابەتیانە**
تێبینی کردن لە دوورەوە

**ڕاستی لەوانەیە بەشێوەیەکی خودیانە مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت، کە لەو ڕێگایەوە کەسێک وای دادەنێ بونەتە یەک پارچە لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە جێگای گرینگی پێدانی ئەون. یان لەوانەیە بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە لەم ڕێگایەوە کەسەکە وای دائەنێت خۆی و ئەو بابەتانە لەیەک جودان.**


بابەتیانە بوون Objectivity بریتی یە لە هەرێمی کەسی زانا، تەکنیکی، میکانیکی، لۆجیکی، بیرکاری زان. خۆییانە بوون Subjectivity بریتی یە لە ژینگەی کەسی هونەرمەند، مۆسیقاژەن، دەروێش و عیرفانی، کەسێکی ڕۆح ئازاد. هاوڵاتیانی کەلتورە مۆدێرنەکان ئارەزوو ئەکەن بایەخ بدەن بە تێڕوانینی بابەتیانە – لەوانەیە دونیابینی تۆش هەروا بێت-، بەڵام هەردوو جۆریان گرینگن بۆ تێگەیشتن و دروستکردنی تەلارسازی.




٢٤

**”زانست کار بە بڕ و کەرت و پارچەی شتەکان ئەکات، لەگەڵ گریمانەکردنی بەردەوامی شتەکان. هەرچی هونەرمەندە کار لەسەر بەردەوامی بوونی شتەکان ئەکات لەگەڵ گریمانەکردنی بڕ و کەرت و پارچەکانیان“.**

- ڕۆبەرت پێرسیگ، کتێبی: زێن و هونەری چاککردنەوەی مۆتۆڕسکێل



قادرمەیەک تەریبە بە چینەکان



قادرمەیەک بە چینەکاندا تێپەڕیووە

۲٥

# کۆنسێپتەکەت وەکو ڕێبەریەک بەکاربهێنە لە دیزاینی تەواوی بەشەکانی بیناَدا.

لەکاتی دیزاینکردنی قادرمە، پەنجەرە، پایە، لۆبی، شەفتی مەسعەدەکان، یان هەر بەشێکی دیکەی بیناکەدا، هەموو کاتێک ڕەچاوی ئەوە بکە کە دیزاینی ئەو بەشە چۆن دەتوانێت تەعبیر لە بیرۆکەی سەرەکی بیناکە بکات و زیاتر تۆکمەی بکات.


بێنە پیش چاوت کۆنسێپتێک بەو مەبەستە دانراوە تا تەعبیر لە ڕێکخستنێکی چین چین بکات layered organization، وە هەریەکە لە چینەکانیش خاوەنی کوالیتیەکی تەلارسازی تایبەت و ناوازە بێت. لەم بارەدا قادرمەی سەرەکی بیناکە دەکرێ بەم شێوانەی خوارەوە بێت:

١. وا دیزاین کرابێت کە بە چینەکان دا تێپەڕێت تا ئەو کەسەش کە بەو قادرمەیەدا ئەڕوات ئەزموونی هەموو چینەکان بکات.


٢. تەریب بێت بە چینەکانی تر، واتە قادرمەکەش چینێکی سەربەخۆ بێت.

٣. لە دەرەوەی چینەکان دابنرێت تا پارێزگاری لەخۆی بکات وەکو ئێلەمێنتێکی سەربەخۆ.


٤. یان هەر شتێکی تری لێبکرێت کە ببێتە هۆی ئاماژە دان بەوەی کەوا ''ئەو بینایە لە چەند چینێک پێکهاتووە''، وە دوور کەوتنەوە لە هەر جۆرە شتێکی تر کە ببێتە هۆی شاردنەوەی ئەو ئایدیایە.



هەفتەی ١




هەفتەی ٢



هەفتەی ٤



هەفتەی ٧



هەفتەی ٨



هەفتەی ١٠


٢٦

# دیزاینەری باش کەسێکی گورج و گۆڵە لە دیتنەوەی چارەسەر

کاتێـک کـە پڕۆسـەی دیزایـن بەرەوپێشـەوە ئەچێـت، حەتمـەن چەندیـن گیروگرفـت دێنـە پێشـەوە - وەکـو کێشـەی ئینشـائی، گۆڕانـی داواکاریەکانـی خـاوەن ئیش، گرانـی لـە چارەسـەر کردنی قادرمەی فریاگوزاری fire egress، دیتنەوەی هەندێ بەشی سپەیس پڕۆگرام کە پێشـوتر لەیادکـراون، دروسـتبوونی تێگەیشـتنی تـازە بـۆ زانیـاری کـۆن و چەندیـن گرفتـی تـر. کۆنسێپتەکەت کە پێشوتر وەکو شتێکی مەزن وابوو، لەناکاو ڕوبەڕووی شکست دەبێتەوە.

دیزاینـەری لاواز، هـەوڵ ئـەدات دەسـت بـە فکرەکەیـەوە بگرێـت کـە شکسـتی خـواردووە و دەستەکات بە پینەکـردن و دەستکاری کردنـی ئـەو شـوێنانەی کە کێشـەیان هەیە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی یەکپارچەیـی دیزاینـی پڕۆژەکـەی. هەندێکـی تـر وا هەسـت ئەکـەن شکسـتیان خـواردووە بۆیـە بەتـەواوی واز لـە هەوڵەکانیـان ئەهێنـن بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیـی دیزاینەکەیـان. بەڵام دیزاینەری باش داخورانـی کۆنسێپتەکەی وەکـو ئاماژەیەکـی سـودبەخش وەرەگرێت تا بزانێت کە پرۆژەکەی پێویستە بۆ کوێ بڕوات لە قۆناغی داهاتوودا.

کاتێـک ئـەو گیروگرفتانـەی کـە لـە پڕۆسـەی دیزاینـدا دێنـە پێشـەوەو دەبنـە هـۆی تێکدانـی دیزاینەکـەت، فکرەکـەت بگـۆڕە ئەگـەر پێویستی کـرد دەستیشـی لـێ هەڵگـرە، بـەلام هەرگیـز دەسـت لـەوە هەڵمەگـرە کـە فکـرەت هەبێـت. وە سـور مەبـە لەسـەر ئـەوەی بەرگـری لـە دیزاینێک بکـەی کـە تـازە شکسـتی هێنـاوە و چیتـر ئیـش نـاکات. لەجیاتـی ئـەوە فکرەیەکـی تـر دابنێ کە بە تەواوی هەموو ئەو زانیاریانە لەخۆی بگرێت تۆ هەتە دەربارەی تەلارەکە.



٢٧

# خەتی کاڵ و نارێک بۆ ئایدیای لاواز، خەتی تۆخ و ڕێک بۆ ئایدیای بەهیز


لـە سـەرەتای پرۆسـەی دیزایـن دا قەڵەمـی سـۆفت و تەباشـیر و خەڵـوز و پاسـتێل و هاوشـێوەی ئەمانـە بەکاربێنـە کـە خەتەکانیـان تەڵـخ و نارێکـن بـۆ پەرەپێدانـی ئایدیـا و دانانی کۆنسێپت. ئەمانە بـە سروشتی خۆیـان هانی بیرفراوانی ئـەدەن نـەوەک گەیشتن بـە بڕیارێکـی دەقیـق. بـەڵام لەگـەڵ بەرەوپێشـچونی پرۆسـەی دیزایـندا بـەرەو لایەنـی تەکنیکی ئەوا ئەمجارە قەڵەمی نوک باریک و تۆخ بەکاربێنە.
ئـەو ڕسـوماتەی کـە بـە سـکێڵ و قیاسـاتی تـەواو کێشـراون بـە دەسـت یـان کۆمپیوتـەر، بەکاردێـن بـۆ دەرخسـتنی ئـەو زانیاریانـەی کـە دەقیـق و یەکلاییکـەرەوەن، وەکـو پلانـی کۆتایـی نهۆمـەکان و ڕەسمی سێکشنەکان. لە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی دیزایـن دا سـوودی ئـەو جۆرە ڕسـوماتە تەنها لەوەدایـە کە بـۆ تاقیکردنـەوەی کۆنسێپتەکەت بەکاریان بهێنـی تـا بزانـی کۆنسـێپتەکەت لـەڕووی قیاسـاتەوە ئیـش ئـەکات لەگـەڵ پرۆگـرام یاخـود نـا. بەرنامەکانـی کۆمپیوتـەر دەرفەتـی دروسـتکردنی ژمارەیەکـی بێکۆتـا لـە هەڵبـژاردەت بـۆ ئەڕەخسێنن بەڵام یارمەتیت نادەن لە تێگەیشتنی کێشەی دیزاینەکەت.



٢٨

# دیزاینەری باش لەوە ناترسێت کە دەستبەرداری ئایدیایەکی باش بێت

تەنها لەبەرەوەی کە ئایدیایەکی باش بە خەیاڵتدا دێت مانای ئەوە نیە کە ئەو ئایدیایە بگونجێت یاخود بە کەڵکی ئەو بینایە بێت کە تۆ دیزاینی ئەکەیت. هەموو ئایدیایەک و پێشنیازێکی بەسوود هەڵسەنگێنەو بیانخەرە ژێر پرسیارو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
ئامانجی تۆ وەکو دیزاینەر ئەوەنیە کە هەرچی شتی باش هەیە بیانهێنیت و بەیەکەوە دەمجیان بکەی ئینجا لەگەڵ یەکتری بگونجێن یاخود نا، بەڵکو ئامانجی تۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لە گونجاوی و یەکپارچەیی دیزاینەکەت بکەی.
وەها بیر لە کۆنسێپت بکەرەوە کە نوسەرێکیت خەریکی نوسینی تێزێکیت، یاخود ئاواز دانەرێک کە خەریکی دانانی ئاوازێکیت. هەموو ئایدیایەک کە بەدیهێنەرێک دەیهێنێتە بوون مانای ئەوە نیە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو کارەی ئێستا لە بەردەستی دایە. ئەو ئایدیایانەی کە باشن بەڵام بۆ ئەو پڕۆژەیەت ناگونجێن، هەڵیانگرە بۆ کاتێکی تر و پڕۆژەیەکی تر. لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە مەرج نیە جاری داهاتووش دیسان بۆ پڕۆژەکانت بگونجێن.



## بایەخدان بە پرۆسەی دیزاین نەوەک خۆ بەستنەوە بە ئاکامەکەی، قورسترین و گرینگترین پسپۆڕی یە تا دیزاینەرێک پەرەی پێ بدات.

گرینگی دان بەپرۆسەی دیزاین واتە:

١. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە کێشەی دیزان پێش گەڕان بەدوای چارەسەردا.
(وەک ئەو قسەیەی کە دەڵێت تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەڵامە)

٢. چارەسەری کێشەی کۆن بەکارمەهێنەوە بۆ کێشەی نوێ.

٣. خۆ بەدوور گرتن لە بە فیزەوە کارکردن هەروەها بوون بە کەسێکی خاو لە خۆشویستنی ئایدیاکانی خۆت.

٤. لێکۆڵینەوەو بڕیارەکانی دیزاینت با بەیەکەوەو گشتگیر بن (واتە لەیەک کاتدا چەندین لایەنی کێشەی دیزاین ڕەچاو بکات) نەوەک بە ڕیزەو بەدوای یەکدا بن (کار لەسەر یەک لایەنی کێشەکە بکات تا چارەسەری ئەکات  و ئینجا بێتە سەر لایەنێکی تر).

٥. ئەو بڕیارانەی کە ئەیاندەی با مەرجدار و کراوە بن نەوەک یەکجاری بن و ببڕێنەوە، واتە هۆشیاری پێشوەختت هەبێت دەربارەی ئەوەی کە بڕیارەکانت لەوانەیە جێی خۆیان بگرن و سەرکەون یان بەپێچەوانەوە لەدرێژەی پرۆسەکەدا تا ئەگەیتە چارەسەری کۆتایی.

٦. بزانیت کە چ کاتێک پێویستە بڕیارەکانی پێشوترت بگۆڕی یاخود دەستیان پێوە بگریت.

٧. ئەو قەلەقیەت بە شتێکی نۆرماڵ وەربگرە کە بۆت دروست ئەبێت لە ئەنجامی ئەوەی کە نازانیت چی بکەیت.

٨. بەشێویەکی نەرم و نیان کار بکە لەنێوان ئاستی کۆنسێپت و ئاستی دیتێڵ، هەریەکەیان کار لەوەی تر ئەکات.


٩. هەموو کاتێک لەخۆت بپرسە ( چی دەبێت ئەگەر ......؟) هەرچەندێکیش بڕوات بە چارەسەرەکانت هەبێت.



٣٠

”بینایەکی باش بەشێوەیەکی سروشتیانە و لۆجیکیانە و  شاعیرانە گەشە ئەکات لەناو گشت هەلومەرجەکانیەوە.“

- لویس سولیڤان
کتێبی: گفتوگۆکانی دایەنگا



٣١

## پڕۆسەیەکی دیزاینی باش نەوەک دروستکردنی بینایەک بە تەواوەتی، بە نرخترین شتە کە لە ستۆدیۆیەکی دیزاین دا فێری ئەبیت و لەگەڵ خۆتدا ئەیبەیتە قۆناغێکی تر.


مامۆستایانی دیزاین زیاتر لە هەموو شتێک ئەیانەوێت کە خوێندکارانیان پەرە بە پڕۆسەی دیزاین بدەن. ئەگەر مامۆستایەک نمرەیەکی باشی دانا لەسەر کارێک کە خراپ دیار بوو، ئەمە لەبەرەوەیە کە خوێندکارەکە پڕۆسەیەکی باشی نیشان داوە. بەهەمان شێوە لەوانەیە پڕۆژەیەکی باش ببینیت کە نمرەیەکی خراپی وەرگرتووە، لەبەرچی؟ لەبەرەوەی کە پڕۆژەیەک دەرەجەی باش وەرناگرێت ئەگەر هاتوو پڕۆسەی دیزاینکردنی پڕۆژەکەی بێ موبالاتی پێوەدیاربوو، بێ بنەما بوو، یان ناڕوون بوو هەر لەخۆیەوە بە شانس پێی گەیشتبوو.



٣٢

## ئەو کەسانەی کە یەکجار زۆر داهێنەر و چالاکن لە دیتنەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، ئەو کەسانەن کە دەچنە پڕۆسەیەکی بیرکردنەوەی قوڵەوە (meta-thinking)، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە ''بیرکردنەوە دەربارەی بیرکردنەوە''.

مێتا-ثینکینـگ واتـە لەکاتـی بیرکردنـەوەدا تـۆ ئـاگاداری لـەوەی کـە چۆنایـی بیـر ئەکەیتـەوە. کەسـانی مێتا-ثینکـەر بـە بەردەوامـی سـەرقاڵی گفتوگۆیەکـی ناوەکـی ئەبـن، دەربـارەی هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەی *پڕۆسەی بیرکردنەوەیان*، فراوانکردنی ئەو پڕۆسەیە، ڕەخنەگرتن لێی، وە دوبارە ئاڕاستە کردنەوەی.




٣٣

# ئەگەر دەتەوێ کوالیتیەکی تایبەتی بدەیت بە فەزا یان ئێلەمێنتێکی تەلارسازی، ئەوا دڵنیابەرەوە لەوەی کە ئەو کوالیتی یە بە فیعلی بوونی دەبێت

ئەگەر دەتەوێت وا لە دیوارێک بکەی ئەستور دیاربێت، دڵنیابەرەوە لەوەی کە **ئەستوورە**

ئەگەر دەتەوێ  فەزایەک بەرز دیار بێت، ئەوا دڵنیابەرەوە کە بەڕاستی بەرزە


خستنەڕووی نیەتی دیزاین بەشێوەیەکی ڕوون، کارێکی یەکجار گرینگە بۆ  دیزاینەری کەم ئەزموون، بەڵام ئەو دیزاینەرانەی کە ئەزمووندارن دەزانن کە چۆن کاریگەریەکی مەزن ببەخشن بە جیاوازیەکی کەم.



## ٣٤

# تەنها بەوە مەوەستە کە دیمەنێکی جوان نیشان بدەی، بیخەرە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە.

سـەرتاپای دیـوار بکـەی بـە پەنجـەرە باشـترین  شـتە بـۆ دیتنـی دیمەنێکـی جـوان، بـەڵام ئـەوەی ئەزمونێکـی دەوڵەمەنـد پێکدەهێنێـت لـەرووی بەسـەری یـەوە، لـەو دیمەنانـەدا بـەدی ئەکرێـت کـە بـە وردی و لێزانـی یـەوە هەڵبژێـردراون، خراونەتـە نـاو چێوەیەکـەوە، سـکرین کـراون، یـان تەنانـەت شـاردراونەتەوە. وەکـو دیزاینەرێـک کار بکـە لەسـەر دانانـی پەنجـەرەکان  و دیاریکردنـی شێوەو قەبارەیـان بـۆ ئـەوەی تایبـەت بێـت بـەو دیمەنـەی کـە بەسەری دا ئەکرێتەوە.



٣٥

”من حەزم لە دیتنی دیمەنێکی جوانە بەڵام حەزدەکەم کە دانیشتم پشتی تێبکەم.“

- گێرترود ستاین, لە کتێبی: ژیاننامەی ئالیس ب. تۆکلاس




٣٦

ئەو وێنانەی کە تۆنات و سێبەریان بۆ دروستکراوە
زیاتر هەست و سۆز ئەجوڵێنن وەک لەو وێنانەی کە
تەنها بە خەت کێشراون بەبێ تۆنات.

٣٧

# هەموو کوالیتیەکی جوانی باشتر ئەبێت ئەگەر هاتوو دژێکی بۆ دابنرێت.

کاتێک هەوڵ ئەدەی کە کوالیتیەکی جوانی تایبەتی (درەوشاوە، تاریک، درێژ، ساف، ڕاست و ڕێک، بزۆزی، شانازی، وە هاوشێوەی ئەمانە) بدەی بە ئێلەمێنتێک، فەزایەک، یان بینایەک ئەوا هەوڵ بدە کوالیتیەکی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ بکە پێچەوانەی خۆی بێت بۆ ئەوەی گەورەترین کاریگەری دروست بکات. ئەگەر دەتەوێت وا لە ژوورێک بکەی کە بەرز و ڕۆشن دیار بێت، ئەوا هەوڵ بدە ڕێگای گەیشتن بە ژوورەکە وەها دیزاین بکەی کە فەزایەکی نزم و تاریک بێت. ئەگەر دەتەوێ بۆشایی ناوەڕاستی بینایەک atrium وا نیشان بدەی کە شێوەیەکی ئەندازەیی پاکی هەیەو سەنتەرێکی زۆر ڕێک و پێکی بیناکەیە، ئەوا هەوڵبدە دەوروبەری بۆشاییەکە بە بۆشایی دیکە دەورە بدەی کە شێوەیەکی نارێکوپێکیان هەبێت و بە هەڕەمەکی ڕێکخرابن. ئەگەر دەتەوێ جەخت لەسەر دەوڵەمەندی مەوادێک بکەیتەوە، ئەوا مەوادێکی تری بخەرە پاڵ کە خەوشدار بێت و خاوەنی بەهایەکی کەمتر بێت. هەموو بەشێکی بیناکە دەرفەتی هاوشێوەی ئەمانە ئەدات بەدەستەوە: ڕووی زبر پێچەوانە بکرێتەوە بە ڕووی ساف، بارستەی ئاسۆیی بە بارستەی ستونی، ڕیزە پایەی دوبارەبووەوە بە دیواری درێژ و بەردەوام، ڕێکخستنی ڕاستەهێڵی بە ڕێکخستنی چەماوەیی، پەنجەرەی گەورە بە پەنجەرەی بچوک، فەزای ڕوناک کراو لەسەرەوە بە فەزایەکی دیکەی ڕوناک کراو لە تەنیشتەوە، فەزای کراوە بەسەر یەکدا بە فەزای داخراو، وە هەروەها چەندین نمونەی تر.



W
E


٣٨

## خاڵە سەرەکیەکانی قیبلەنما کۆمەڵێک لە مانا پێشکەش ئەکەن کە دەتوانن ببنە هۆی زیادکردنی ئەزموونی تەلارسازی.

ڕۆژهەڵات: لاوێتی، بێ تاوانی، سازگاری.
باشور: چالاکی، ڕوونی، سادەیی.
ڕۆژئاوا: پیر بوون، پرسیار کردن، ژیری.
باکور: پێگەیشتن، پەسند کردن، مەرگ.

ئەو پەیوەندیانە ئەگەرچی ڕەها نین بەڵام دەتوانن یارمەتیدەرت بدەن لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە فەزاو چالاکیە جۆراوجۆرەکان بخرێنە کوێوە لەسەر مەوقیعی ئیشەکە یاخود لەناو بیناکە: ئاڕاستەی قیبلەنما چ پیشنیارێک دەکات لەسەر دیاریکردنی جێگای مردووخانە یان جێگای پەرستن یان هۆڵێکی فێرکردنی تازە پێگەیشتوان یان دایەنگای مناڵان؟.











٣٩

## کۆمپۆزیشنی سەقامگیر static composition وا دەرەکەوێت کە لە حاڵەتی وەستان دایە.


کۆمپۆزیشنی سەقامگیر بەگشتی پێکهاتەیەکی هاوتان symmetrical. لە باشترین حاڵەتیان دا ئەو نمونانەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، دەبنە هۆی بەخشینی هەستی هێز، شکۆو قایمی، متمانە، دەسەلآت، دڵنیایی، هەمیشەیی. لە حاڵەتە خراپەکانیشدا ئەو نمونانەی کۆمپۆزیشنی ستاتیک کە سەرکەوتوو نابن ئەوا سەرنج ڕاکێش نین و دەبنە هۆی بەخشینی هەستی بێزاری.


٤٠

## کۆمپۆزیشنی ناسەقامگیر dynamic composition وا دەرەکەوێت لە حاڵەتی جولاّن دایەو هانی چاو ئەدات کە بگەڕێت و سەرنج بدات

کۆمپۆزیشنی ناسەقامگیر بەنزیکەیی هەمیشە پیکهاتەیەکی ناهاوتان asymmetrical. دەبنەهۆی بەخشینی هەستی چالاکی، جۆش و خرۆش، خۆشی، جموجۆڵ، هەڵچوون، نەیاری و ناکۆکی. نموونە نا سەرکەوتووەکان وا دەرەکەون کە بێزارکەر بن و سەرلێشێوان دروست ئەکەن.




## ئاڕاستەی جوڵەو هاودژەکەی
moves and counterpoints



بۆ دروستکردنی کۆمپۆزیشنێکی داینەمیکی هاوسەنگ چ بە شێوەی دوو دووری بێت یان سێ دووری، بە بڕیارێکی دیزاینی سەرەتایی دەستپێ بکە کە جوڵەیەکی داینەمیکی بێت و هاوسەنگ نەبێت، پاشان بەدوایدا جوڵەیەکی دیکەی داینەمیکی دروست بکە کە پێچەوانەی جوڵەی یەکەم جار بێت. بیر لە خاڵی هاودژ بکەرەوە وەک جۆرێک لە بەرپەرچدانەوەی جوانی: خاڵی هاودژ لە بەرهەڵست دەچێت بەڵام بە تەواوی نا، ژمارەیەکی بێ کۆتا لە خاڵی هاودژ دەتوانرێت بەشێوەیەکی نەزەرەی بدرێن بە جوڵەیەکی دیاریکراو. بۆ نمونە یەک گێژەڵوکەی گەورە دەکرێت بە هەندێک چواگۆشەی بچوک پێچەوانە بکرێتەوە، چونکە ''هەندێک'' بەرهەڵستی ''تاک'' دەبێتەوە، هەروەها ''بچووک'' بەرهەڵستی ''گەورە'' دەبێتەوە. هەمان گێژەڵوکە دەکرێت بە خەتێکی زیگزاگی پچڕپچڕ پێچەوانە بکرێتەوە، یان بە هێڵکاریەکی دیار و ڕێکوپێک، یان بە زنجیرەیەک بازنەی گۆڕاو، وە هەروەها. چونکە هەموو جوڵەیەکی هاودژ کوالیتیەکی وای هەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێچەوانەی کوالیتی گێژەڵوکەکەیە.


لە کۆمپۆزیشنەکەی لاپەڕەی پێشوتر بەلای کەمەوە چوار جۆری جوڵە هەیە، کە هەریەکەیان هاودژی سەرجەم جوڵەکانی دیکەیە.



## ڕاهێنانە سەرەتایی و بێزارکەرەکانی دەستپێکی قۆناغی یەکەم وەکو هێڵکاری و دروستکردنی کیوب، پەیوەندییەکی زۆریان هەیە بە تەلارسازی یەوە.

زۆرێک لە خوێندکارانی تەلارسازی تووشی بێزاری و بێ ئارامی ئەبن لەگەڵ ڕاهێنانی دوو دووری و سێ دووری کە بەشێوەیەکی باو لە دەستپێکی قۆناغی یەکەم ئەدرێن بە خوێندکاران. خوێندکارانی قۆناغەکانی سەرووتر، کە سوپاسگوزارن لە وانەکانی دەسپێکی دیزاین دەرچوون و ڕزگاریان بووە، زۆرجار شکست دەهێنن لەوەی کە ئاوڕ بدەنەوە بۆ ئەم وانانە تا ببینن کە چۆن ئەتوانن ببنە بنچینەیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئاڵۆزەکانی دیزاین.

ئەگەر مامۆستاکەت بەڕوونی ڕاهێنانەکانی دیزاینی دوو دووری و سێ دووری نەبەستەوە بە تەلارسازی ڕاستەقینەو زیندوو، ئەوا داوای نمونەی لێ بکە. یان پرسیار لە مامۆستایەکی دیکەی قۆناغەکانی پێش خۆت بکە. تێگەیشتنێکی تەواوەتی لە بنچینەکانی دوو دووری و سێ دووری، سوودێکی زۆرت پێ ئەگەیەنن لە داهاتوو لەناو بواری ئاڵۆزی تەلارسازی دا.



# لێکۆڵینەوە لەسەر سایت پلانی کامپەسێکی کۆلێژ

٤٣

## کاتێک ڕووبەڕووی کێشەو گرانی ئەبیتەوە لە چارەسەر کردنی پلانی نهۆمێک، سایت پلان، سێکشن، ئێلەڤەیشنی بینا، یان شێوەی بینا، ئەوا وەکو کۆمپۆزیشنێکی دوو دووری یان سێ دووری لێی بڕوانە.

ئەمە هانت ئەدات کە بە هاوسەنگی سەرنج بدەیتە فۆڕم و سپەیس، یارمەتیدەرت ئەبێت لە بەیەکەوە گونجاندنی بەشە ناچونیەکەکانی دیزاین، وە ناهێڵێت زیاد لەپێویست تیشک بخەیتە سەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە بەلای تۆوە خۆشەویستن وەک لەوانی تر. ئەو پرسیارانەی کە لە کۆمپۆزیشنی دوو دوری و سێ دووری دا ئەتوانیت بیانکەیت:

- ئایا کۆمپۆزیشنەکە هاوسەنگیەکی سەرتاسەری و گشتگیری هەیە؟
- ئایا تێکەڵەیەک هەیە لە ئێلەمێنتەکان بە قەبارەی جیاواز و تێکسچەری جیاواز کە چاو ڕابکێشن بە شێوەی جیاواز و لە دووری جیاوازەوە؟
- ئایا جوڵەیەکی سەرەکی و یەک جوڵەی هاودژ یان زیاتر هەیە؟
- ئایا هیچ جێگایەکی کۆمپۆزیشنەکە وا دەرەکەوێت کە فەرامۆش کرابێت؟



سوور
مۆر
نارنجی
شین
زەرد
سەوز

## بیردۆزی ڕەنگەکان color theory چوارچێوەیەکمان بۆ دیاری ئەکات تا لە مانا و ڕەفتاری ڕەنگەکان تێبگەین.

ڕەنگەکان دەکرێ بە وەرزەکانی ساڵەوە وابەستە بن:
زستان: خۆڵەمێشی، شینی بەفرینی، وە ڕەنگی دیکەی هاوشێوە.
پاییز: ڕەنگی ئاڵتونی (زەرد) ، قاوەیی، زەیتونی، مۆری قاوەیی باو. تۆناتی لێڵ و خامۆش.
هاوین: ڕەنگی درەوشاوە یان ڕەنگە بنەڕەتیەکان (سوور، شین، سەوز).
بەهار: ڕەنگی کاڵ و ناسک.
ڕەنگ دەکرێ پۆلێن بکرێت بۆ ڕەنگی سارد و ڕەنگی گەرم، ڕەنگە ساردەکان مەیلیان بەلای ئەوەدایە کە دووربکەونەوە لە بینەر بەڵام ڕەنگە گەرمەکان لێی نزیک ئەبنەوە.
ڕەنگی گەرم: سوور، قاوەیی، زەرد، سەوزی زەردباو.
ڕەنگی سارد: شین، خۆڵەمێشی (خاکی)، سەوزی شین باو.
چەرخی ڕەنگەکان color wheel کە لەسەریدا ئەو ڕەنگانەی بەپێچەوانەی یەکتری یەوە دانراون تەواوکەری یەکترین، ئەوا دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ ڕێکخستنی ڕەنگەکان. بەکارهێنانی ڕەنگە تەواوکەرەکان لەگەڵ یەکتریدا، بۆ نمونە شین و نارنجی، یارمەتیدەر ئەبێت لە دروستکردنی تەختیتێکی هاوسەنگی ڕەنگەکان دا.




## سێ ئاستی زانین (مەعریفە)

سادەیی Simplicity بریتی یە لە جیهانبینی منداڵ و کەسی تازە پێگەیشتووی بێ ئاگا (نا تێگەیشتوو)، بەتەواوی بە ئەزموونی تایبەتی خۆی یەوە سەرقاڵە، خۆشبەختانە بێ ئاگایە لەوەی کە چ شتێک لەژێر پەردەی ڕاستیەکانی چواردەوریەوە هەیە.


ئاڵۆزی Complexity بریتی یە لە جیهانبینی کەسی پێگەیشتووی ئاسایی، بەوە جیا دەکرێتەوە کە کەسەکە هۆشیاری هەیە سەبارەت بە سیستەمە ئاڵۆزەکان لە سروشت و کۆمەڵگا دا بەڵام دەستەوەستانە لە جیاکردنەوەی پاتێرنە ئاشکراکان لە یەکتری و هەستکردن بە پەیوەندیەکانی نێوان ئەو سیستەمانە.

سادەیی پێگەیشتوو Informed Simplicity بریتی یە لە بینینی ڕاستی بەشێوەیەکی ڕۆشنگەرانە. ئەو ئاستەیان دامەزراوە لەسەر توانای لەیەک جیاکردنەوە یان دروستکردنی پاتێرنی ئاشکرا لەناو تێکەڵە ئاڵۆزەکان دا. ناسینەوەی پاتێرن pattern recognition پسپۆڕیەکی زۆر گرینگە بۆ ئەندازیاری تەلارسازی، کە لەسەری پێویستە بینایەکی فرە ڕێکخراو دروست بکات لەناو چەندین ئیعتیباراتی دیزاین کە ناڕونن یان لەگەڵ یەک لە پێشبڕکێ دان.





**ئاڵۆزیەک کە بەهۆی ئاستی سێیەمەوە دروستکراوە**

٣ ئێلەمێنت بەکارهێنران بۆ دروستکردنی ١٢ سپەیس




**ئاڵۆزیەک کە بەهۆی قەرەباڵغیەوە دروستکراوە**

١٢ ئێلەمێنت پێویست بوون بۆ دروستکردنی ١٢ سپەیس




**سادەیی**

٣ ئێلەمێنت بەکارهێنراون بۆ دروستکردنی ٣ سپەیس

# دەوڵەمەندیەکی تەلارسازی دروست بکە لەڕێگای ئاستی سادەی پێگەیشتووەوە یاخود لەڕێگای تێکەڵکردنی شتە سادەکانەوە نەوەک لەڕێگای گەلەکۆمەی ناپێویست و قەرەباڵغی یەوە.



ئەگەر دروستکردنی جوانیەکی تەلارسازی مەبەست لێی سادەیی بێت یان ئاڵۆزی، ئەزمونکردنەکەی ناڕوون بێت یان دیار و ئاشکرا، سپەیسەکەی تاک چین بێت یان چین چین، پێش هەموو ئەمانە پێویستە کە بینا بە تەواوی شتێکی بە نیزام و ڕێکخراو بێت. دروستکردنی پاتێرنی ئاشکراو سادە لە پلانی بینایەکدا شێوازێکە بۆ هێنانەکایەی نیزام لە هەمان کاتدا رێگا بە چەندین خوێندنەوە و ئەزمونی جیاواز ئەدات.

هەندێ نمونە لە ئاڵۆزکردنی ناپێویست:

دروستکردنی چەندین جوڵەی دیزاینی لەیەک جیاواز، لەکاتێکدا کە تەنها سێ جوڵەی کامڵ و تەواو بتوانن ئەو ئامانجە بەدەست بێنن.

قەرەباڵغ کردنی پرۆژەیەک بە شتی بێسوود تەنها لەبەرەوەی کە پێت وایە بێزارکەر دیارە بەبێ ئەم شتانە.


کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر ئێلەمێنتی لەیەک جودا بەبێ بایەخدان بە یەکێتی ئەو ئێلەمێنتانە، تەنها لەبەرەوەی کە سەرنجڕاکێش دیارن.

٤٧

## بینای چوارگۆشەیی، بەشە چوارگۆشەییەکانی بینا wings، وە ژووری چوارگۆشەیی دەکرێ زۆر گرانبن لە ڕێکخستن.


لەبەرەوەی کە چوارگۆشە خۆی لەخۆیدا داینەمیکی نیە، بۆیە بە سروشتی خۆی نابێتە هۆی دروستبوونی جوڵە. ئەمەش وا ئەکات کە دانانی ڕێگا و ڕاڕەوی هاتووچۆی گونجاو circulation pathways زەحمەت بێت لە پلانێکی چوارگۆشەیی دا. وە زیاد لەوەش ئەو ژوورانەی کە دەکەونە ناوەوەی بینای چوارگۆشەیی دوور دەبن لە ڕوناکی و هەوای سروشتی. شێوە ناچوارگۆشەییەکان وەکو لاکێشەیی، هیلالی، پوازی، پیتی ئێڵ، ئەمانە بەشێوەیەکی سروشتی زیاتر توانای لەخۆگرتنی پاتێرنەکانی جوڵەو گردبوونەوەو نیشتەجێ بوونیان هەیە.


ئەو پڕۆژەیە باس
لە ئاڵۆزیەکی
فرەچەشن ئەکات
بەڵام بەدڵنیایەوە
فرەچەشنی شێوە
چونیەکەکان باشتر
ئەگونجێت لەگەڵ
گۆڕانی مۆدیولاریتی،
بەپشت بەستن بە
تایبەتمەندێتی ئەو
زمانەی کە بەهۆی
تەوەرەی
پەیوەندیەکانەوە
دروستبووە

٤٨

## ئەگەر نەتوانی بیرۆکەکانت بۆ دایەگەورەت ڕوون بکەیتەوە بە شێوەیەک کە ئەو لێی تێبگات، ئەوا تۆ بە باشی لە بابەتەکەت تێنەگەیشتووی.

هەندێ ئەندازیاری تەلارساز و مامۆستاو خوێندکار، زمانێکی ئێجگار ئاڵۆز و زۆرجاریش بێ مانا بەکاردەهێنن، وەکو هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی ڕێز و پایە. لێگەڕێ با هەندێکیان بەمشێوەیە بۆیان بچێتە سەر، بەڵام تۆ لاسایی ئەوان مەکەرەوە. کەسانی پسپۆڕ کە بەباشی شارەزای بواری ئیشکردنی خۆیانن دەزانن کە چۆن زانیاریەکانیان بگەیەنن بە کەسانی بەرامبەریان بە زمانێکی سادەی ڕۆژانە.



## بڵندی تیشکی هەتاو و گۆشەی لێدانی و ڕەنگەکەی گۆڕانیان بەسەردا دێت بەپێی ئاڕاستەی قیبلەنما و کاتەکانی ڕۆژ. لەنیوەگۆی باکوری زەوی دا:

هەتاوی ئەو پەنجەرانەی کە ڕوویان دەکەوێتە لای **باکور** مەیلی بەلای ئەوەدایە بێ سێبەرو پەرش و بڵاو بێت، وە بێ ڕەنگ یاخود کەمێک خۆڵەمێشی بێت بە درێژایی ڕۆژ و کاتەکانی ساڵ.

هەتاوی لای **ڕۆژهەڵات** لە بەیانیان دا بەتینە، مەیلی بەلای ئەوەدایە کە بڵندیەکی کەمی هەبێت، لەگەڵ سێبەری درێژ و کاڵ وە ڕەنگێکی خۆڵەمیشی زەردباو.

هەتاوی لای **باشور** لە درەنگانێکی بەیانیانەوە زاڵ دەبێت تا ناوەڕاستی پاش نیوەڕۆ. مەیلی بەلای ئەوەدایە کە بە وردییەوە ڕەنگەکان پێکبهێنێت هەروەها سێبەری توند و بەتین دروست بکات.


هەتاوی لای **ڕۆژئاوا** لە درەنگانی پاش نیوەڕۆ و ئێواراندا بەتینە، ڕوناکیەکی پڕی نارنجی زەردباوی هەیە، دەتوانێت تا قوڵایی ژورەوەی بیناکان بڕوات و هەندێ جاریش ببێتە مایەی جۆرێک لە بێزاری.



٥٠

## لە ڕۆژدا پەنجەرەکان تاریک دەرەکەون.

لەکاتی ڕێندەر کردنی دیمەنی دەرەوەی بیناکان، تاریک کردنی پەنجەرەکان قوڵی و ڕاستەقینەیی بە وێنەکە ئەبەخشێت (تەنها ئەوکاتە نەبێت کە شوشەی پەنجەرەکە ڕوناکی دەرەوە بێت، یان داخرا بێت، یان لەپشت شوشەکەوە پەردە هەبێت).



جاگوار، جۆری E

## دروستکردنی جوانی زیاتر بەهۆی پەیوەندیە هارمۆنیەکانی نێوان ئێلەمێنتەکانی کۆمپۆزیشنەکەیە وەک لە خودی ئێلەمێنتەکان.




ئەو پانتۆڵەت لەبەرکە کە لە هەموویان زیاتر بەلاتەوە پەسندە لەگەڵ زەقترین کەراس و سەرنجڕاکێشترین چاکەتت، بەبێ گوێدانە گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتری دا. ئینجا بە شەقامێکدا بڕۆ و چاوەڕێی ئەوە مەکە کە پێت پێنەکەنن.

ئۆتۆمبێلێک دروست بکە لە جوانترین بەشەکانی جوانترین ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تا ئێستا دروستکراون، بزانە هاوڕێکانت لەگەڵتدا سواری ئۆتۆمبێلەکە ئەبن.

خۆشەویستێکی خەیاڵی دروست بکە شێوەی لەشی پێکهاتبێت لە پارچەکانی لەشی ئەو ئەکتەرانەی هۆڵیوود کە بەلای تۆوە سەرنجڕاکێشن. بڕوانە کە ئایا ئێستا هەستت ئەجوڵێت بە بینینی هەندێک لەو بەشانەی لەش بە ئەندازەی پێشوتریان.

ئەوەی کە جوانیەکی سەرکەوتوو دروست ئەکات، لەگەڵ یەک گونجانی بەشەکانە نەوەک خودی بەشەکان.




٥٢

## بەکارهێنانی هاوسەنگی ناهاوتا asymmetrical balance، بەلای زۆرێکەوە بایەخی پێ ئەدرێت بە ئامانجی نیشاندانی توانا بۆ نیزامێکی بەرزتری بیرکردنەوە.


لە دروستکردنی کۆمپۆزیشنێکدا چ ستاتیک بێت یاخود داینەمیک، هونەرمەند هەوڵئەدات کە هاوسەنگی بەدەست بێنێت. هاوسەنگی لە کۆمپۆزیشنی ناهاوتادا بەسروشتی خۆی بوونی هەیە، بەلام کۆمپۆزیشنی ناهاوتا دەکرێت هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ بێت. لە ئاکامدا، ناهاوتایی مەیلی بەلای ئەوەدایە کە تێگەیشتنێکی وردتر و ئاڵۆزتری بوێت.






بینایەکی باش شتی جیاواز  ئەخاتەڕوو دەربارەی خۆی
کاتێک لە دووری جیاوازەوە لێی ئەڕوانرێت.

٥٣



## شێوە ئەندازەییەکان هەر لە خۆیاندا هەڵگری کوالیتی داینەمیکین کە کار ئەکەنە سەر هەستکردن و ئەزمونکردنمان بۆ ژینگەی دەستکرد.

چوارگۆشە هەر لە سروشتی خۆیدا ستاتیک و بێ ئاڕاستەیە، لە ئاکامدا ژوورێک بە پڕۆپۆرشنی چوارگۆشەیی یان خشتەکی هەستی ئەوە ئەدات کە لە حاڵەتی ئارامی و وەستان دایە، وە ئەگەر هاتوو بە ووردی یەوە دیزاین نەکرابوو ئەوا وەکو شتێکی بۆش و بێ مانا دەرەکەوێت.
لاکێشە لەبەرەوەی کە دوولای درێژ و دوو لای کورتی هەیە لە سروشتی خۆیدا ئاڕاستەدار دەرەکەوێت، تا ژوورێکی لاکێشەیی زیاتر درێژ بێت، ئەوا زیاتر هانی جوڵەی ماددی و بینراو ئەدات تەریب بە تەوەرەی درێژی لاکێشەکە.
بازنە ژمارەیەکی بێکۆتا نیوەتیرەی هەیە لەبەرەوە لەیەک کاتدا هەم بێ ئاڕاستەو هەم فرە ئاڕاستەیە: بینایەکی لولەیی یان خڕ بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو خاڵێکی چواردەوری خۆی دا ئەکات، بۆیە دەکرێت ببێتە خاڵێکی سەرنجی کاریگەر focal point لەسەر لاندسکێپ دا. لە هەمان کاتدا هیچ لایەکی بینای بازنەیی بە سروشتی خۆی پێشەوەو تەنیشت و پشتەوەی نیە.



**سێرکیولەیشنی باش**
جێگای دانیشتن بەدوورە لە هاتووچۆ

**سێرکیولەیشنی نەخوازراو**
ڕێگای هاتووچۆ جێگای دانیشتنی تێکداوە


## دانانی باشترین ڕێڕەوی هاتووچۆ بەناو ژوورێکی بچووکدا، بریتی یە لە ڕێڕەوێکی ڕاست و ڕێک کە چەند پێیەک لە دیواری لایەکیەوە دوور بێت.


**٥٥**

ئەمە ڕێگا خۆش دەکات بۆ بەکارهێنەرانی ژوورەکە تا ڕێگایان لێ نەگیرێت بەهۆی هاتووچۆی کەسانی ترەوە بەناو ژوورەکەدا. خراپترین جوڵەی هاتووچۆ بەناو ژورێکی بچوکدا ئەو ڕێڕەوەیە کە بەشێوەیەکی لار لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی تر بڕوات diagonal یان بەناو ژوورەکەدا بڕوات تەریب بە لایە درێژەکەی. لە حاڵەتی وەهادا ڕێکخستنی کەلوپەل بەشێوەیەکی ئاسوودەو گونجاو کارێکی گران دەبێت، ئەو کەسانەی کە لەو فەزایەدا ئەژین وا هەست ئەکەن و تەنانەت هەر لە ڕاستیشدا وان، کە بونەتە لەمپەر لەبەردەمی ڕێگای هاتووچۆ.

**پوختەکراو/تێکەڵ**


Abstract/mixed






Subtractive

**لێ دەرکراو**



**Thorncrown Chapel**
Additive, symmetrical

**کەنیسەی ثۆرنکراون**
زیادکراو، هاوتا




**Fallingwater**
Additive, asymmetrical

**ڤیلای فۆڵینگوۆتەر**
بۆ زیادکراو، ناهاوتا



**Notre Dame du Haut**
Addition of shaped/molded forms;
windows subtracted or “punched”

**کەنیسەی نۆتری دام لە ڕۆنچامپ**
زیادکردنی فۆڕمی پێکهێنراو
پەنجەرەکان دەرهێنراون




**Guggenheim Bilbao**
Addition of shaped/molded forms

**گوگنهایم بلباو**
زیادکردنی فۆڕمی پێکهێنراو/لەقالبدراو

٥٦

## زۆرینەی فۆڕمەکانی تەلارسازی دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ: فۆرمی بۆ زیادکراو additive، لێ دەرکراو subtractive، لە قالبدراو shaped، پوختەکراو abstract.


فۆڕمی زیادکراو additive: وا دەرەکەون لە چەند پارچەیەکەوە پێکەوە لکێنرابن.
فۆڕمی کەمکراو subtractive: وا دەرەکەون کە بڕدراون یان هەڵکۆڵدراون لە فۆڕمێکی دیکەی تەواو.
فۆڕمی لە قالبدراو shaped: وا دەرەکەون کە لە مەوادی نەرم دروستکراون بەکاریگەری هێزێکی ڕاستەوخۆ.
فۆڕمی پوختە abstract: بنچینەی فۆڕمەکە دیار نیە.



## پرێزنتەیشنی زارەکیانەی پڕۆژەکەت ئەوکاتە کاریگەری ئەبێت کە لە شتە گشتیەکانەوە دەستپێ بکەیت ئینجا بێیتە سەر باسی شتە تایبەتییەکان.

١. باس لە کێشەی دیزاین بکە کە واجب دراوە (پڕۆژەکە).
٢. باس لەو شێواز و ڕێگایە بکە کە بەکارتهێناوە بۆ کێشەی دیزاینەکە.
٣. باس لە پڕۆسەی دیزاینەکەت بکە لەگەڵ باسکردنی گرینگترین ئەو ئایدیاو دۆزینەوانەی کە لە سەروبەندی کارکردنی دیزایندا توشیان هاتووی.
٤. باس لە پارتی یان کۆنسێپتەکەت بکە کە لە پڕۆسەی دیزاینەوە سەری هەڵداوە. بە هێڵکاریەکی سادە ڕوونی بکەرەوە.
٥. ڕەسمەکان (وەکو پلان، سێکشن، ئێلەڤەیشن، سکێچەکان) و مۆدێلەکانت بخەرەڕوو، هەمیشە کە باسیان ئەکەی بیانبەستەوە بە کۆنسێپتەکەوە.
٦. ڕەخنە لەخۆگرتنێکی ڕێک و پڕ متمانە پێشکەش بکە.

هەرگیز پرێزنتەیشنێک بەوە دەستپێ مەکە کە بڵێیت ''لێرەوە ئەچیتە بەردەم دەرگای پێشەوە'' ئەگەر ئامانجت ئەوە نەبێت کە ئامادەبووان (مامۆستا و خوێندکاران) تووشی بێزاری و خەواڵویی بکەیت.




# پڕۆپۆرشنەکانی بینایەک دەربڕینێکی جوانین دەربارەی چۆنیەتی دروستبوونی بیناکە.

تەلارسازی ترەدیشنەڵ (ئەو تەلارسازییەی کە دروستکراوە پێش هاتنەکایەی ڕێگا مۆدێرنەکانی دروستکردن لە کۆتاییەکانی ١٨٠٠) مەیلی بەلای ئەوەدایە کە سپانێکی کورت و پەنجەرەکانیان پڕۆپۆرشنێکی ستوونیان هەبێت، بینا مۆدێرنەکان زیاتر سپانێکی درێژ و پەنجەرەکانیان پڕۆپۆرشنێکی ئاسۆییان هەیە.

پڕۆپۆرشنی ستوونی لە بینا ترەدیشنەڵەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ درێژی بەردەکان یان لقی دارەکان (کاریتەی سەر پەنجەرەکان) کە درێژیەکەی سنوردار بوو بەگوێرەی ئەو مەوادانەی کە دەکرا لە چواردەور بەدەستبێن و دروست بکرێن و بەرزبکرێنەوە بە دەست بۆ جێگای دانانیان. تاکە ڕێگا بۆ دروستکردنی پەنجەرەی گەورە کاتێک پانیەکەی سنوردار بێت، ئەوەیە کە درێژی بکەیت بە باری ستوونی دا.


ڕێگا هاوچەرخەکانی دروستکردن بە ستیل و کۆنکریت ڕێگایان خۆشکردووە بۆ دروستکردنی سپانی درێژ و گەورە، بۆیە پەنجەرەی بینا هاوچەرخەکان دەکرێ هەموو جۆرە پڕۆپۆرشنێکیان هەبێت، بەڵام بەزۆری پڕۆپۆرشنێکی ئاسۆیان پێ ئەدرێت، هۆکاری ئەمەش بەڕادەیەک بۆ ئەوەیە تا لە ڕووی جوانییەوە لە پەنجەرەی ترەدیشنەڵ جیا بکرێتەوە.




**بینای مۆنادنۆک، شیکاگۆ، ١٨٩١**
تەلارسازان: بێرنهام و ڕوت

# بینای ترەدیشنەڵ دیوارەکانی دەرەوەیان ئەستوورن. بینا مۆدێرنەکان دیواری باریکیان هەیە.


تەلارسازی ترەدیشنەڵ دیوارەکانی دەرەوە بەکاردێنێت بۆ هەڵگرتنی کێشی بیناکە. دیوارەکان پێویستە ئەستوور بن چونکە قورساییەکی زۆریان ئەکەوێتە سەر هی سەقف و کەلوپەل و دیوارەکانی سەرووی خۆیان، کە ئەمانیش لۆدەکان ئەگوازنەوە بۆ زەوی. بۆ نمونە دیوارەکانی دەرەوەی بینای مۆنادنۆک لە بنکەدا شەش پێ ئەستوورن (نزیکەی ١,٨م). زۆرینەی بینا مۆدێرنەکان فرێمێکی ستیل یان کۆنکریتی پرد و پایە بەکاردێنن بۆ هەڵگرتنی لۆدەکانی ستراکچەر و گواستنەوەی کێشی بینا بۆ زەوی. دیوارەکانی دەرەوە دراونەتە پاڵ ئەو فرێمەو بەهۆیەوە ڕاگیرکراون، بۆیە دیوارەکان تەنها وەکو بەربەستێک بەکاردێن بۆ کەشوهەوای دەرەوە. بەمشێوەیە دەکرێ دیوارەکان زۆر باریکتر بن وەک لەوانەی بینا ترەدیشنەڵەکان. هەروەها دیوارەکان ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی دانانیشن ئەگەرچی بە ڕووکەش لەوانەیە وا دەرکەون. بۆ نمونە کاتێک بەرد یان کەرپوچ بەکاردێت بۆ داپۆشینی باڵەخانەیەک، دیوارە بەردینەکان لەسەر یەکتری دانانرێن لە زەوی یەوە تا ئەگاتە چل نهۆم بەڵکو ڕاگیرکراون بە پایە و پرد هەموو نهۆمێک یان دوو نهۆمێک.


T
M
B



## تەلارسازی ترەدیشنەڵ لە داڕشتنی دا نیزامێکی سێ بەشی بەکاردەهێنێت کە پێکدێت لە بنکە، ناوەڕاست، بەشی سەرەوە.

بنکەی بینای ترەدیشنەڵ وا دیزاینکراوە کە وەزیفەی خۆی نیشان بدات وەکو پاڵپشتێکی ستراکچەر بۆ نهۆمەکانی سەرەوەو گواستنەوەی لۆدەکانیان بۆ زەوی. بنکەی بینا ڕوکەشێکی بەردینی پێدراوە، بەردەکان و کەلێنی نێوانیان بەجۆرێک دروستکراون کە بنکەی بیناکە قورس و ئەستوور نیشان بدات. بەشی سەرەوەی بینای ترەدیشنەڵ بەشێوەیەکی ڕەمزی وەکو کلاو یان تاج وایە کە لە سکایلاین و لەدوورەوە مەبەست و وەزیفەی بیناکە نیشان ئەدات.




**خانووی Farnsworth، ئیلّینۆی - ئەمریکا، ١٩٥١**
تەلارساز: لودویگ میز ڤان دێر ڕۆو

”کەمتر زیاترە.“

less is more

-لودویگ میز ڤان دێر ڕۆو



**خانووی ڤانه ڤێنتوری، پەنسلڤانیا - ئەمەریکا، ١٩٦٢**
تەلارساز: ڕۆبەرت ڤێنتوری

"کەمتر بێزارکەرە."
less is a bore

- ڕۆبەرت ڤێنتوری




# کاتێک چەند ئاستێکی جیاواز ئەدەیت بە زەمینی نهۆمێک، ئەوا خۆت بەدوور بگرە لە دانانی قادرمەی دیک ڤان دایک.

دانانی تەنها یەک ستێپ لەنێوان ئاستەکانی نهۆمێک دا بەس نیە بۆ دروستکردنی جیاوازیەکی مانابەخش لە سپەیسی نهۆمەکەدا. ئەمە زۆرجار دەبێتە لەمپەرێک بۆ کەوتنی خەڵک و سکاڵای یاسایی لێ دروست دەبێت. دانانی سێ ستێپ بەلای کەمەوە وا ئەکات کە جیاوازیەکە مەعقول بێت.


63

**تیبینی:** دیک ڤان دایک Dick Van Dyke ئەکتەرێکی کۆمیدی ئەمەریکی یە، ناسراوە بەوەی کە لە فیلمەکانی دا بەدواوەدا ئەکەوێت بەشێوەیەکی موحریج.



## کاتێک پلانی نهۆمێک یان گریدی پایەکان یان هەر بەشێکی بیناکە ئەسورێنیت یان خواری ئەکەیتەوە، وا بکە که مانایەک بداُت بەدەستەوە.


دانانی فەزا و دیوار و پایەکان یان هەر ئێلەمێنتێکی دیکەی تەلارسازی بەشێوەیەکی نائەندازەییانە تەنها لەبەرەوەی کە لە گۆڤارە باوەکانی تەلارسازی دا بینیووتە، بەهانەیەکی دیزاینی لاوازە. بەڵام ئەگەر کارێکی وابکەیت بە مەبەستی دروستکردنی شوێنێک بۆ کۆبوونەوە، ئاڕاستە کردنی ڕێڕەوێکی هاتووچۆ، تیشک خستنە سەر دەروازەیەک، کردنەوەی دیمەنێک، دەرخستنی مۆنۆمێنتێک، گونجاندنی لەگەڵ شێوەی ئەندازەیی جادە، ئاڕاستەکردنی بەرەو ڕۆژ، یان ئاماژە بدات بە ئاڕاستەی مەککە، ئەمانە بەهانەیەکی مەعقولن.



## هەمیشە پایەکانی ستراکچەر لەسەر پلانی نهۆمەکان نیشان بدە تەنانەت لە دەستپێکی پڕۆسەی دیزاین دا.

نیشاندانی سیستەمی ستراکچەر لەسەر پلانی نهۆمەکان بەدرێژایی پڕۆسەی دیزاین، تەنانەت ئەگەر شتێکی سادەش بێت تەنها خاڵ و پەڵەی بچووک بێت، یارمەتیت ئەدات لە ڕێکخستنی سپەیس پرۆگرام و هانت ئەدات وەکو بینایەکی ڕاستەقینە بیر لە دیزاینەکەت بکەیتەوە. لەڕاستیدا ئەو تەلارسازەی کە بە ووردییەوە بایەخ بە ستراکچەر نەدات، لەوانەیە سیستەمێکی ستراکچەری نەخوازراو ببینێتەوە کە سەپێنراوە بەسەر دیزاینەکەی دا لەلایەن ئەندازیاری شارستانی یەوە.

دانانی پایەکان و دیاریکردنی ڕادەی لەیەک دووریان ئامانج لێی دروستکردنی یەکێتیەکی بەسەری و چوستیەکی بیناکاری یە. لە بینای ئاسایی ستراکچەری تەختە دا هەموو ١٠-١٨ پێیەک (نزیکەی٣-٥,٥ مەتر) ڕیزێک پایە یان دیواری ڕاگر دائەنرێت، لە بینای بازرگانی ستیل و کۆنکریتدا ئەو ژمارەیە دەبێتە ٢٥ - ٥٠ پێ (٧,٦ - ١٥,٢ مەتر). سیستەمی ستراکچەر بۆ هۆڵەکانی نمایشکردن و یاریگاکان و سپەیسی هاوشێوەی ئەمانە دەکرێ سپانێکیان هەبێت کە ٩٠ پێ یان زیاتر بێت (٢٧,٥ مەتر بەنزیکەیی).




**بازیلیکای قەشە پیتەر ڕۆم -ئیتاڵیا**
دروستکراوە لەنێوان (١٥٠٦ - ١٦١٥)
تەلارساز: دۆناتۆ برامانتێ

## پایەکان تەنها ئێلەمێنتێکی ستراکچەر نین، بەڵکو ئامرازێکیشن بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی فەزا.


هەرچەندە گومان لەوەدا نیە کە مەبەستی سەرەکی پایەکان بریتی یە لە ڕاگرێکی ئینشائی، بەڵام نرخ و بەهای دیکەشیان هەیە: ڕیزێک پایە دەتوانێت سپەیسەکانی لایەک دیاری بکات و جیایان بکاتەوە لە سپەیسەکانی لایەکی دیکە، ڕێڕەوی هاتووچۆ جیابکاتەوە لە جێگاکانی کۆبوونەوە، وەکو ئێلەمێنتێک کاربکات بۆ نیشاندانی ڕێگا لە ناو بیناکان دا، یان وەکو ئێلەمێنتێکی ئیقاعی کاربکات لەسەر ڕووی دەرەوەی بیناکان.

شێوەی جیاوازی پایەکان کاریگەری جیاوازییان هەیە: پایەی چوارگۆشەیی بێ ئاراستەن، پایەی لاکێشەیی ئاراستە دروست ئەکەن، پایەی بازنەیی دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستێکی ڕۆیشتووانەی فەزا. شێوەی ئاڵۆزی پایە لە تەلارسازی ترەدیشنەڵدا بەکاردەهێنرا بۆ دروستکردنی سپەیسی تێکهەڵکێش بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش.


SUSTAINABLE
CONCEPT
SEC.
ELEV.


# پرێزنتەیشنی گرافیکی باش پێویستە لەگەڵ تاقیکردنەوەی ١٠ پێیی دا بگونجێت (٣ مەتر)

ئێلەمێنتە سەرەکیەکانی ناو ئەو ڕەسمانەی کە هەڵیان ئەواسی بۆ پرێزنتەیشنی ستۆدیۆی دیزاین - بە تایبەتی ناو و ناونیشانەکان - پێویستە لە دووری ٣ مەتر بخوێنرێنەوە.



## دیزاین کردن لە سێکشن

دیزاینەری باش لەنێوانی سێکشن و پلانەکان دا دێن و دەچن لە کاتی دیزاینکردن دا، تا ڕێگا بە هەردووکیان بدات کار لە یەکتری بکەن و شێوە بە یەکتری ببەخشن. دیزاینەری لاواز بە پلانەکانەوە خەریک ئەبێت ئینجا دواتر سێکشنەکانی بینا دەکێشێت وەک پێشتر لە پلان بڕیاریان لەسەر دراوە. بەڵام دەکرێ بوترێت کە سێکشنەکان سەدا ٥٠ی ئەزموونکردنی بینا نیشان ئەدەن. لە ڕاستیدا هەندێ سایت (وەک ئەوانەی کە لێژیەکی زۆریان هەیە) وە هەندێ جۆری بینا (وەک ئەوانەی کە پێویستیان بە فەزای بەرز هەیە لەناوەوە، ئەوانەی ڕێکخستنێکی وردیان ئەوێت لە شوێنی بەیەکگەیشتنی نهۆمەکانیاندا، یان ئەوانەی پێویستیەکی زۆریان هەیە بە ڕوناکی ڕۆژ) دەبێت لە سێکشن دیزاینیان بکەیت تەنانەت پێش بیرکردنەوە لە پلانی نهۆمەکان.




## گریمانەیەکی هەڕەمەکی نەسەلمێنراو

پلانی نهۆم لۆجیکی ڕێکخستنی بینایەک نیشان ئەدات، سێکشن ئەزموونکردنی سۆزداریانەی بیناکە لە خۆیدا بەرجەستە ئەکات.



## له پێرسپێکتیڤ دا دیزاین بکە

ئەندازیارانی تەلارسازی کەسانی پسپۆڕن لە خوێندنەوەو وەرگێڕانی نەخشەی ئۆرثۆگرافی (پلان، سێکشن، ئێلەڤەیشن)، بەڵام باشترین تەلارسازیش ناتوانێت بەم ڕێگایە لە هەموو شتێکی بیناکە تێبگات. ڕەسم کردنی چەند پێرسپێکتیڤێکی دیوی دەرەوەو ناوەوەی بیناکە بە سکێچ لە درێژەی پرۆسەی دیزاین دا، ڕێگات بۆ خۆش ئەکات تا پێشبینیەکانت هەڵسەنگێنیت سەبارەت بەوەی کە بیناکەت چۆن دەرئەکەوێت و ئیش ئەکات، وە چ هەستێک دروست ئەکات لە ئەزموونی ڕاستەقینەی بیناکەدا، هەروەها بۆ نیشاندانی ئەو دەرفەتانەی دیزاین کە لە ڕسوماتی دوو دووری دا دەرناکەون.


1
2
3
4

# چۆن بە سکێچ وێنەیەکی پێرسپێکتیڤی یەک-خاڵی دروست بکەین هی ژوورێکی لاکێشەیی:

١. دیواری دواوەی ژوورەکە بە پرۆپۆرشنێکی تەواو بکێشە، لە وێنەکەدا دیواری کۆتایی ٨ پێ پانەو ١٢ پێش بەرزە ( ٢,٦م بە ٣,٦م)، مانای وایە کە پانیەکەی یەک و نیو هێندەی بەرزیەکەیەتی.

٢. بە کاڵی ڕاستەهێڵێکی ئاسۆیی بکێشە لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری لاپەڕەکە، ئەو خەتە ناودەبرێت بە خەتی ئاسۆیی horizon line، خەتی HL بریتی یە لە بەرزی ئاستی چاوی تۆ لەسەر زەوی نهۆمەکە، ئەگەر باڵای تۆ ٥ پێ و ٦ ئینج بێت (١,٧ م)، ئەوا بەرزی ئاستی بینینت HL نزیکەی ٥ پێ ئەبێت (١,٥٢ م) واتە پێنج لەسەر هەشتی بەرزی بیناکە.

٣. خاڵێکی نەمان vanishing point لەسەر خەتی HL دیاری بکە، خاڵی نەمان شوێنەکەی تۆ نیشان ئەدات وەکو بینەرێکی دیمەنەکە سەبارەت بە دیواری لایەکان. لێرەدا بینەرەکە ٣ پێ دوور دانراوە (نزیکەی ١م) لە دیواری لای چەپ.


٤. لە خاڵی VPوە بە کاڵی خەت بکێشە بۆ هەر چوار گۆشەی ژوورەکە، ئینجا خەتەکان تۆختر بکەو درێژیان بکەرەوە تا لێواری لاپەڕەکە، بەشە تۆخەکەی ئەو خەتانە سنورەکانی دەرەوەی ئەو فەزایە نیشان ئەدات.

٥. بۆ دروستکردنی فیگەری کەسێک کە هەمان بەرزی بینەرەکەی هەبێت، سەری فیگەرەکە لەسەر خەتی HL دابنێ، ئینجا قەبارەی فیگەرەکە کەم و زیاد بکە لە کاتی دانانی لە پشتەوەتر یان لە پێشەوەتر بەگوێرەی شوێنەکەی.

تێبینی:

horizon line = HL


vanishing point = VP



# دیزاین بکە بە یاریدەی بەکارهێنانی مۆدێل

مۆدێلی سێ دووری چ بەشێوەیەکی ماددی بێت یان ئەلیکترۆنی، یارمەتیت ئەدات لە تێگەیشتنی پڕۆژەکەت بەشێوازی تازە. بەسودترین مۆدێل بۆ دیزاین کردن بریتی یە لە ماس مۆدێل mass model ، کە لە مەتیریەڵی سادە و بەخێرایی دروست ئەکرێت، لەڕێگای ئەو مۆدێلانەوە ئەتوانی هەڵبژاردە جیاوازەکانی دیزاین کە بیریان لێ ئەکەیتەوە هەڵسەنگێنیت و لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان کەیت.


ئەو مۆدێلانەی بە سەرنجێکی زۆرەوە کاریان لەسەر کراوە presentation models سوودیان نیە وەکو ئامرازێکی دیزاین، چونکە مەبەستی ئەو جۆرە مۆدێلانە بۆ بە دۆکیومێنت کردنی بڕیارەکانی دیزاینە کە خۆیان دراون (پڕۆژەی تەواو) نەوەک یارمەتیدان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئایدیایانەی کە بیریان لێ ئەکەیتەوە لەپڕۆسەی دیزاین دا.



## دوو گرینگترین کلیل بۆ ڕێکخستنی پلانی نهۆمێک بەشێوەیەکی کاراو چالاک بریتی یە لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان سۆلید و ڤۆید، وە چارەسەرکردنی سێرکیولەیشن.

لە پرۆسەی دیزاین کردندا وەزیفە ناوەندیەکانی بینا (ژووری تەوالێتەکان، ژووری کۆگاکان، ژوورە میکانیکیەکان، شەفتی مەسعەدەکان، قادرمەی فریاگوزاری، وە هاوشێوەی ئەمانە) وەکو سۆلید لێیان بڕوانە. فەزا ناوەندییەکان بەگشتی بەیەکەوە کۆمەڵ کراون یان لەنزیکی یەکتری یەوە دانراون. ڤۆیدەکان بریتین لە فەزای گەورەترو سەرەکیتری بینا (وەکو لۆبیەکان، تاقیگەکان، جێگاکانی پەرستن، گالەری نمایشکردن، ژوورەکانی خوێندنەوەی کتێبخانە، هۆڵی کۆبونەوەکان، هۆڵی لەشجوانی، ژووری دانیشتن، ئۆفیس، شوێنەکانی دروستکردن، وە هەروەها). حەل کردنی پلانی نهۆمێک مانای دروستکردنی پەیوەندییەکی پراکتیکی و لەبارە لەنێوان فەزا ناوەندی و فەزا سەرەکیەکانی سپەیس پرۆگرام.

سێرکیولەیشنی بینایەک - ئەو شوێنەی کە خەڵک پێیدا ئەڕوات - پێویستە کە سپەیسەکانی ناو پرۆگرام بەیەکەوە ببەستێتەوە لەگەڵ قادرمەو لۆبی و مەسعەدەکان بەشێوەیەکی لۆجیکی و سەرنجراکێش: سیستەمی سێرکیولەیشن دەبێت لە ڕووی وەزیفەیی یەوە بەشێوەیەکی چالاک ئیش بکات (بەتایبەتی لەکاتی ئاگر کەوتنەوەدا)، وە لەڕووی جوانیشەوە بەهەمان شێوە بۆ نمونە پێشکەشکردنی سوپرایزێکی خۆش، دیمەنی پێشبینی نەکراو، گۆشەی دڵڕفێن، دروستکردنی فرەچەشنی لە ڕووناکی بەشێوەیەکی گونجاو، وە ئەزموونی دیکەی سەرنجڕاکێش بەدرێژایی ڕێگاکە.




زۆنی خزمەتکار
( جێگای سیستەمی میکانیکی)

سپەیسی خزمەتکراو
(گەلەری)

زۆنی خزمەتکار
( جێگای سیستەمی میکانیکی)


مۆزەخانەی هونەری کیمبێڵ
Kimbell Art Museum
تێکساس، ئەمەریکا، ١٩٧٢
تەلارساز: لویس کان

# زۆرینەی ئەو بینایانەی کە واجب ئەدرێن لە ستۆدیۆکانی دیزاین لە بەشی تەلارسازی دا، وەکو کتێبخانە، مۆزەخانە، بیناکانی تر، دەکرێ بەشێوەیەکی چالاکانە ڕێکبخرێن لەڕێگای جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەی لویس کان: فەزای خزمەتکراو served، فەزای خزمەتکار servant.

فەزای خزمەتکراو/خزمەتکار هاوشێوەو چونیەکەن لەگەڵ فەزای ناوەند/فەزای سەرەکی پڕۆگرام. لویس کان زیرەکانە فەزا خزمەتکراوەکانی بەیەکەوە کۆکردەوە بەشێوازێک کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیە وەزیفییەکانی بیناکەو لە هەمان کاتیشدا ئیقاعێکی هێمن و شاعیرانە بداتە هەموو بیناکە،




تێبینی: لێرەدا مەبەستی لویس کان ئەوەیە کە هەندێک زۆن و سپەیس خزمەتکاری هەندێکی دیکەن.




## ڕەسمی ئەو بۆکسە بکێشە کە تەنەکەی لێوە هاتووە.

لەبەرەوەی بیناکان لێواری تیژ و دیاریان هەیەو بەزۆریش شێوەکانیان لاکێشەیی ڕاست و ڕێکن، ڕەسمکردنیان ئاسانە. هەرچۆنێک بێت زۆرێک لەو شتانەی کە ئەندازیارانی تەلارسازی وێنەی ئەکێشن (وەکو ئۆتۆمبێل و کەلوپول و درەخت و خەڵک) شێوەیەکی نارێکیان هەیە. کاتێک تەنێک زۆر ئاڵۆز دیارە بۆ وێنەکێشان، سەرەتا ئەو بۆکسە بکێشە کە بە خەیاڵی خۆت پێت وایە ئەو تەنەی لێوە هاتووە، ئینجا تەنەکە لەناو ئەو بۆکسە سادەیەدا بکێشە.



# زیاد دیزاینکردن
# overdesign

لە دەستپێکی پرۆسەی دیزایندا، سپەیسەکان بە ڕێژەی ١٠% گەورەتر دروست بکە لەو ڕووبەرەی کە لە سپەیس پرۆگرام دا بۆی دیاریکراوە. چونکە لە کاتی پرۆسەی دیزایندا داواکاری زیادە دێنە پێشەوە بۆ سەر ڕووبەر - وەک ژووری میکانیکی، پایەکان، کۆگا، بۆشایی بۆ هاتووچۆ، ئەستوری دیوار و سەد شتی تر کە لەکاتی دانانی سپەیس پرۆگرام دا پێشبینی نەکراون.
ئامانجی ئۆڤەردیزاین بۆ ئەوەنیە کە بینایەکی گەورە دروست بکرێ زیاد لەوەی کەپێویستە بەڵکو بۆ دیزاینکردنی بینایەکە کە قەبارەیەکی ڕاست و دروستی هەبێت.
لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو سپەیسە زیادەکە وادەرکەوت کە بێسوودە، ئەوا ئاسانتر دەبێت بۆت کە بینایەکی گەورە بچووک بکەیتەوە وەک لەوەی کە فەزای زیاتر دروست بکەی لە کاتێکدا کە جێگا نەمابێت.



**وردەکاری واجیهە، هۆڵی سیمۆنس لە پەیمانگای MIT، ئەمەریکا، ٢٠٠٢**
تەلارساز: ستیڤن هۆڵ

## هیچ سیستەمێکی دیزاین تەواو نیەو ناشبێت تەواو بێت


دیزاینەران زۆرجار لەمپەر دێننە سەر ڕێی خۆیان کاتێک لە نیەتێکی باشەوە بەڵام بە بڕوایەکی هەڵەوە پێیان وایە کە چارەسەرێکی کامڵی دیزاین بە تەواوی گونجاوەو هەموو دیوەکانی کێشەی دیزاین لەخۆی دەگرێت بەبێ هەڵاوێردن. بەڵام هەندێ حاڵەتی لەگەڵ یەک نەگونجان دەکرێ پڕۆژەکەت دەوڵەمەند بکەن و سیمایەکی مرۆیی بدەن بە بەشەکانی دیزاینەکەت. لە ڕاستی دا هەڵاوێردەکانی یاسایەک زۆرجار لە خودی یاساکان سەرنجڕاکێشترن.



”سەرکەوتنی شاکارەکان بەهۆی بێگەردیانەوە نیە لە هەڵە
- لەڕاستیدا ئێمە چاوپۆشی ئەکەین لە هەبوونی هەڵەی
کوشندە لە هەموویان دا - بەڵکو بەهۆی مەزنی توانای
بڕواپێهێنانی عەقڵێکە کە توانیویەتی گۆشەنیگای خۆی
بەمشێوەیە بگەیەنێت.“

**- ڤێرجینیا وۆڵف**، لە کتێبی: مەرگی پەپولە

نیوەی درێژی تەوەرەیی داواکراوە
وەکو کەمترین قیاس



## هەموو کاتێک قادرمەکانی فریاگوزاری لە دوو سەری کۆتایی ئەو بینایە دابنێ کە دیزاینی ئەکەیت، تەنانەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەی دیزاین دا.

ئاسانە وا بیربکەیتەوە کە دیزاینەرێک شتی گرینگتری هەیە پێیەوە سەرقاڵ بێت وەک لە قادرمەی فریاگوزاری، بەڵام قادرمەی فریاگوزاری گرینگی و پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە کارکردنی گشتی بیناکەوە. ئەگەر هاتوو لایەنی سەلامەتی ڕەچاو نەکەیت لە پرۆسەی دیزاین کردندا، دەبێ پێشبینی ئەوە بکەیت کە ڕۆژێک لەپێش دادوەر بەرگری لە بێ موبالاتی خۆت بکەیت.

floor plan
elevation
section

## ناونیشانی سەرنجڕاکێش بۆ ڕسومات

قەڵەم مارکەر بەکاربێنە کە نوکێکی گەورە و ڕەنگێکی کاڵی هەبێت بۆ دروستکردنی پیتی بچوکی تەلارسازیانە (پیتی سمۆڵ)، ئینجا بە دەوری شێوەی پیتەکاندا بڕۆرەوە بە قەڵەم جافێکی ڕەشی نوک باریک.


CH. 101

## زاڵ بوونێکی ڕاستەقینە بەسەر پڕۆسەی دیزاین دا، هەستێکی وا دروست ئەکات کە کەسەکە کۆنترۆڵ لەدەست ئەدات بەسەر پڕۆسەی دیزاین دا.


پڕۆسەی دیزاین زۆرجار خاوەنی ڕێچکەو بونیادێکی دیاریکراوە بەڵام پڕۆسەیەکی میکانیکی نیە. پڕۆسەی میکانیکی هەر لەسەرەتاوە دەرەنجامەکانی دیارن، بەڵام پڕۆسەی داهێنەرانە کۆشش ئەکات بۆ بەرهەمهێنانی شتێک کە پێشووتر بوونی نەبووبێت. بوون بە داهێنەرێکی ڕاستەقینە مانای ئەوەیە کە نازانیت چیت دێتە پێشەوەو بۆ کوێ ئەڕۆیت، سەرەڕای ئەوەی کە بەرپرسی لە بەڕێوەبردنی ئەو پڕۆسەیە. ئەمەش شتێکی گەرەکە جیاوازبێت لە کۆنترۆڵکردنی تەقلیدی و زۆردارەکیانە. بەتوندی دەست نەگرتن بە پڕۆسەیەکەوە لەوانەیە کارێکی باش بێت.

بە ئارامی و خۆڕاگری یەوە ئیش لەسەر پڕۆسەی دیزاین بکە، لاسایی نمونە باوەکان مەکەرەوە بۆ پڕۆسەی داهێنەرانە وەک ئەوەی پێت وابێت ئیلهام یەکجار بێت و بە پەلە پرۆزکێش بۆت بێت. هەوڵ مەدە بینایەکی ئاڵۆز بە یەک دانیشتن و بە یەک حەفتەش حەل بکەی. قەلەقی و نادڵنیایی پەسند بکە. هەستی سەرلێشێوان و ونبوون کە لە زۆربەی کاتەکانی پڕۆسەی دیزاین دا ئامادەیی دەبێت، وەکو شتێکی ئاسایی وەریبگرە. هەوڵ مەدە قەلەقیەکەت بڕەوێنیتەوە لەڕێگای خۆبەستنەوە بە چارەسەرێکی دیزاینی پێشوەختەوە، دواتر دەستبەرداربوون لێی دەرەنجامێکی باشی نابێت.



## ستایلی ڕاستەقینەی تەلارسازی لە دەرەنجامی هەوڵێکی ئاگایانەوە دروست نابێت بۆ دروستکردنی شێوەو ڕواڵەتێکی دیاریکراو. بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو بە ڕێکەوت سەرهەڵئەدات لە پڕۆسەیەکی گشتگیرەوە.


ئەوکەسانەی هەستان بە دروستکردنی خانووە کۆڵۆنیاڵەکان لە ئەمەریکا ساڵی ١٧٤٠، بەمشێوەیە بیریان نەکردۆتەوە وەک ئەوەی ئێمە زۆرجار بیری لێ ئەکەینەوە کە '' حەزم بە خانووە کۆڵۆنیاڵەکانە، با خانووێک لەسەر ئەو ستایلە دروست بکەین''. بەڵکو خانووەکان بەشێوەیەکی مەعقول ڕاستەوخۆ لە مەواد و کەرەستەو تەکنەلۆجیای بەردەست دروست ئەکران، بە لەبەرچاوگرتنی سکێڵ و پڕۆپۆرشن و هارمۆنی. پەنجەرەی خانووە کۆڵۆنیاڵەکان شوشەکانیان بچوک بوون و لەچەند پارچەیەک پێکدەهاتن، نەک لەبەر هەبوونی ئارەزوو و خواستێکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی پەنجەرەیەک کە شێوەکەی بچێتەوە سەر شێوازی کۆڵۆنیاڵی، بەڵکو تەکنەلۆجیای ئەو ڕۆژگارە تەنها ڕێگای بە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی لەوحەی بچووکی شوشە ئەدا. داخەری پەنجەرەکان shutters ئامانجێکی وەزیفەییان هەبوو نەوەک ڕازاندنەوەو دیکۆرەیشن، هەرکاتێک کە پێویست بووایە ئەوا لەسەر پەنجەرەکانەوە دائەخران بۆ داپینکردنی سێبەر و برینی تیشکی ڕۆژ. تەلارسازی کۆڵۆنیاڵ کە لەو ئیعتیبارانەوە پەیدابوو پێشووتر نەخشەڕێگایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکرابوو، بەڵکو بەشێوەیەکی سادە ئەو خانووانەی ئەمەریکا بۆیە کۆڵۆنیاڵی بوون، چونکە کۆڵۆنیاڵیستەکان کۆڵۆنیاڵ بوون.



## هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی دیزاین گوزارشت لە ڕۆحی سەردەم ئەکەن.

زایتگایست zeitgeist زاراوەیەکی ئەڵمانی یە بە مانای ڕۆحی سەردەم دێت. زایتگایست بریتی یە لە هۆشداری و ئەخلاقیات و بەهاکانی سەردەمێکی دیاریکراو، میزاجی گشتی خەڵکەکەی، سەدای گوتاری گشتی، تام و بۆی ژیانی ڕۆژانە، مەیل و لایەنگیریە فکریەکان کە بنچینەی هەوڵەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێن. بەهۆی زایتگایستەوە چەندین ڕەوتی هاوتەریب بەڵام ناچونیەک دروست ئەبن لەناو ئەدەبیات، ئایین، زانست، تەلارسازی، هونەر، وە بواری دیکەی داهێنەرانە.
کارێکی مەحاڵە کە بتوانین هەموو چاخەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە تەواوی دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین ڕەوتە سەرەکیەکانی بیری ڕۆژئاوایی کورت بکەینەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

**چاخی کۆن**: ئارەزووی پەسند کردنی ئەو ڕاستیانەی کە لەسەر ئەفسانە بنیاتنرابوون.
**چاخی کلاسیکی**: بەرز نرخاندنی نیزام، عەقڵانیەت، دیموکراسی.
**چاخی سەدەکانی ناوەڕاست**: زاڵبوونی ڕاستیەکانی ئایینی ڕێکخراو.
**چاخی ڕێنیسانس**: باوەڕشکردنەوە بۆ زانست و هونەر.
**چاخی مۆدێرن**: پەسندکردنی ئەو ڕاستیانەی کە بە ڕێگای زانستی ئاشکرا ئەکران.
**چاخی پۆستمۆدێرن (ئێستا)**: ئارەزووی بڕواهێنان بەوەی کە ڕاستی شتێکی ڕێژەیی یە یاخود مەحاڵە بزانرێت ڕاستی چی یە.



## دوو گۆشەنیگای تەلارسازی

**تەلارسازی ڕاهێنانە لە ڕاستی دا.** بینایەکی باش بەرپرسە لە مەعریفەی جیهانی و بەتەواوی ڕاستگۆیە لە دەرخستنی فەنکشن و مەوادەکانی.


**تەلارسازی ڕاهێنانە لە چیرۆک دا.** تەلارسازی بریتی یە لە کەناڵێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، کانقەسێک بۆ گواستنەوەی ئەفسانەکانی کۆمەڵگا، سەکۆیەک بۆ شانۆی ژیانی ڕۆژانە.



**باڵکۆنی**
شاری ئەنتیب، فەڕەنسا


## بەشێوەیەکی کاڵ و ناسک ئاماژە بدە بە کوالیتی مەوادەکان، لەجیاتی ئەوەی هەستی بە ڕەسم کردنیان بەوشێوەیەی کە لە ڕاستی دا هەن.

ڕسوماتی تەلارسازی چ بەدەست دروستکرابن یان کۆمپیوتەر، شێوەو دیمەنێکی کارتۆنی وەرەگرن ئەگەر هاتوو کەرپوچەکانت کردن بە ''کەرپوچی سوور'' و سەقفەکەشت کرد بە ''ئەسفاڵتی ڕەش''. هەوڵ بدە ئەو ڕەنگانە بەکاربێنیت کە کاڵ و سپاتن چونکە ئەمانە زیاتر ئاماژە بەخشن وەک لە ڕەنگی ڕاستەقینەی مەوادەکان. بە هەمان شێوە لە دیوارێکی کەرپوچ دا ڕەسمی تاک بە تاکی کەرپوچەکان مەکێشە، لە سەقفێکی تەختەیی دا ڕەسمی هەموو لەوحەکانی تەختە مەکێشە، یان ڕەسمی هەموو کاشیەکان مەکێشە لەسەر زەوی نهۆمەکە. بەڵکو بە سوکی و بەشێوەیەکی هەڵبژاردەیی ئاماژەیەک بدە بە کوالیتی مەوادەکان.



# بەسەر خودی خۆتدا زاڵ بە


ئەگەر دەتەوێت بناسرێیت بەوەی کە پێنای باش و مەزن دیزاین ئەکەیت، ئەوە لەبیرکە کە خۆت دەتەوێت بیناکە چۆن بێت بەڵکو لەجیاتی ئەوە بپرسە کە بیناکە دەیەوێت چۆن بێت؟ پێویستە کێشەی دیزاین بە مەرجە تایبەتیەکانی خۆی یەوە چارەسەر بکرێت: داواکارییەکانی خاوەن ئیش، سروشتی جێگای پڕۆژەکە، سپەیس پڕۆگرامی بینا، وە چەندین خاڵی تر. ئەو فاکتەرانە خۆیان ئاماژە ئەدەن بە هەبوونی نیزامێکی زگماک لە پڕۆژەکەدا کە دەبێت کاری لەسەر بکرێت پێش ئەوەی بیروڕای تایبەتی تێکەڵ بە پڕۆسەی دیزاین بکرێت.
هەوڵ بدە پڕۆژەکانت بەها جیهانیەکان لە خۆیدا هەڵبگرێت و گوزارشتیان لێ بکات (وەکو وێڵبوونی مرۆڤ بەدوای مانا و مەبەست دا، یاری کردن بە تێکەڵەیەک لە ڕوناکی و سێبەر لەسەر ڕووی دیوارێکی بە تێکسچەر، تێکەڵبوونی پەیوەندیە تایبەتیەکان و گشتییەکان، هەڵی ئینشائی  و جوانکاری کە لە مەوادەکانی بینا دا هەن) بەمشێوەیە ئەبینی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک کارەکانی تۆییان بەدڵ ئەبێت.



## دانان و دیاریکردنی جێگای هەندێ فەزای دیاریکراو (anchors) لەناو بینادا بە وریایەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی ئینتیریەرێکی چالاک.

فەزای anchor بریتین لەو بەشانەی سپەیس پڕۆگرام کە خەڵک بەلای خۆیان دا ڕائەکێشن. بۆ نمونە دوکانە گەورەکانی بازاڕکردن لەناو مۆڵەکاندا دەخرێنە کۆتاییەکانی مۆڵەکەوە بەرامبەری یەکتری چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵک سەردانیان ئەکات. ئەوکەسانەی کە لەنێوان ئەو دوکانە گەورانەدا دێن و ئەچن لەسەر ڕێگایاندا چەندین دوکانی بچووکتر ئەبینن و ئەبن بە کڕیاریان، بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان هەردوو فەزا کە لەوانەیە نەگونجاویش دیاربێت، دەبێتە هۆی زیادکردنی چالاکی ئابووری و بەخشینی زیندوویەتی بە جوڵەی هاتووچۆی ناو مۆڵەکە.


ئایا لەپڕۆژەکەتدا هیچ دەرفەتێکی وەها هەیە سەبارەت بە فەزای anchor؟ هەوڵبدە لە سەنتەرێکی تەرفیهی دا مەدخەل و ژووری لۆکەرەکان بخەیتە هەردوو کۆتایی هۆڵی وەرزشکردن. لە هۆتێلێکدا مەسعەدەکان و فرۆنت دێسک کەمێک لەیەک دوورتر دابنێ وەک لەوەی کە پێویستە. دووری نێوان گەراج و مەدخەلی ئۆفیس زیاتر بکە وەک لەو قیاسەی کە پێت وایە گونجاوە. بەڵام لە سپەیسی نێوانیاندا هەندێ ئەزموونی تەلارسازی سەرنجڕاکیش دروست بکە کە بەکارهێنەر بەلای خۆیدا کێش بکات.



## تەنێک، ڕووتەختێک، یان فەزایەک زیاتر هاوسەنگ و یەکگرتوو دەرەکەوێت ئەگەر هاتوو ئارتیکیولەیشنێکی لاوەکی بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە بڕوات بۆ شێوە ئەندازەییەکەی.


هەوڵبدە سەر ڕووتەختێکی لاکێشەیی ڕێ ڕێ بکەیت بەدرێژایی لایە کورتەکەی نەوەک تەریب بە لایە درێژەکەی. ڕێگایەکی هاتووچۆی درێژ لەناو بینادا کەرت بکە بە دانانی چەند ئێلەمێنتێکی دابڕ. فەزایەکی چەماوە بەشێوەیەکی تیشکدار بەشبەش بکە نەک بەشێوەیەکی مەرکەزی. لەکاتی دانانی کاشیەکان دا تاقی بکەرەوە کە ئایا ئاراستەکردنی تەوەرەی درێژی کاشیەکان بەرەو تەوەرەی کورتی ژوورەکە بە باشترین شێوە دەرناکەوێت!.

تێبینی:
articulation = بەشبەش کردن




## بیناکانی پشتەوە یان بینای فابریک، لە شاردا زۆرترین ژمارەیان هەیە. بینای ئۆبجێکت یان بیناکانی پێشەوە ئەو بینایانەن کە گرینگیەکی لەڕادەبەدەریان هەیە.

بینای فابریک ئەو بیانایانەن کە بۆ نیشتەجێبوونی ئاسایی و بازرگانی بەکاردەهێنرێن. لە شارە سەرکەوتووەکان دا بینای فابریک تێکسچەرێکی فیزیایی یەکگرتوو پێکدەهێنن، کە بریتین لە دەلیلێک لەسەر فابریکی کۆمەڵایەتی شارەکان. بینای ئۆبجێکت وەکو کەنیسە، مزگەوت، بینای حکومی، کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی تایبەتی، مۆنۆمێنتەکان، یان ستراکچەری هاوشێوە. مەیلیان بەلای ئەوەدایە کە بەشێوەیەکی دیار دەرکەون لەناو ئەو کۆنتێکستەی تیایدا دانراون.




## کاتێک وەرەقەی ڕسومات ئەپێچیتەوە چ بۆ گواستنەوە بێت یان بۆ هەڵگرتن لە مەخزەن، ئەوا بەشێوەیەک لولیان بدە کە ئەو دیوەی ڕەسمی لەسەر کراوە بکەوێتە لای دەرەوە.

ئەمە وا ئەکات وەرەقەکانت بە شێوەیەکی فلات بمێننەوە کاتێک ئەیانکەیتەوە بۆ دانان لەسەر مێز یان بۆ هەڵواسین بە دیوار.


POPS
SUNDRIES


## بەشێوەیەک بینا دروست بکە کە لەگەڵ خەتی بیناکانی دیکەی سەر جادە دا بێتەوە .

کاتێک بینایەک دیزاین ئەکەی لە جێگایەکی بەتاڵی شاردا، ڕووی پێشەوەی بیناکە با هاوشێوەی خەتی سەرەکی بیناکانی چواردەوری بێت مەگەر هۆکارێکی ناچارکەر هەبێت تا پێچەوانەی ئەمە بکەیت. لەوانەیە کارێکی سەرنجڕاکێش بێت وەک ئەوەی کە تەلارسازانی مۆدێرن کردیان، کاتێک بینایەکی شار لەناو سایتەکەی ئەکێشیتەوە بۆ دواوە بەمەبەستی ئەوەی جیا بکرێتەوە لە بیناکانی تر، بەڵام ژیانی شار سروشتی وەهایە کە بەندە لەسەر نزیکایەتی و دەستبەجێی و قابیلیەتی گەیشتن بە بینایەک بەپێ. کێشانەوەی بینایەک لە ڕەسیف وای لێ ئەکات کەمتر قابیلیەتی گەیشتنی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی بەسەر ڕەسیفەکەدا تێپەڕ ئەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی چالاکی ئابووری قاتی یەکەم، وە هەروەها شێوەو دیمەنی جادەکەش لاواز ئەکات.



”هەمیشە دیزاینێک بکە بە ڕەچاو کردنی لە کۆنتێکستێکی گەورەتردا، قادرمەیەک لە ژوورێکدا، ژوورێک لە ماڵێکدا، ماڵێک لە ژینگەیەکدا، ژینگەیەک لە پلانی شارێکدا.“

- ئێلییێل سارینێن




# ئەو میکانیزمە سەرەکیانەی کە حکومەت ئەیانگرێتە بەر لە ڕێکخستنی دیزاینی بیناکان دا بریتین لە کۆدەکانی بینا building codes، کۆدەکانی گەیشتن accessibility codes ، یاساکانی دابەشکاری zoning laws.

**یاساکانی دابەشکاری zoning laws**: بایەخ ئەدەن بە پەیوەندی و چۆنیەتی گونجانی بینایەک لەگەڵ چواردەورەکەی. ئەو یاسایانە هەڵەستن بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی بیناکان landuse (وەکو نیشتەجێ بوون، بازرگانی، پیشەسازی و هەروەها)، بەرزی، چڕی، ڕووبەری زەوی، کشانەوە لە سنووری زەویەکان دا، گەراج.


**کۆدەکانی بینا building codes**: بایەخ ئەدەن بە چۆنیەتی ئیشکردنی یەک بینا بە تەنها، ئەو یاسایانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی بەشەکان و پێکهاتەکانی بینا وەکو مەتیریەڵەکان، ڕووبەری نهۆمەکان (ڕووبەرەکەی زیاد ئەکات بە کەمتر بەکارهێنانی ئەو مەتیریەلانەی توانای گڕگرتنیان هەیە)، بەرزایی (بەرزاییەکەی زیاد ئەکات بە کەمتر بەکارهێنانی ئەو مەتیریەلانەی توانای گڕگرتنیان هەیە)، بەکارهێنانی ووزە، سیستەمی پاراستن و سەلامەتی، ڕووناکی سروشتی، هەواگۆڕکێ، وە ڕەچاوکردنی لایەنی هاوشێوە.

**کۆدەکانی گەیشتن accessibility codes**: بایەخ ئەدەن بە بەکارهێنانی بینا بۆ ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەو یاسایانە هەڵدەستن بە ڕێکخستنی ڕامپ، قادرمە، محەجەرە، تەوالێتی تایبەتی، گەراج، بەرزی کەوەنتەرەکان و سویچ پلاکی کارەبا، وە هاوشێوەی ئەم تایبەتمەندییانە. کۆدی گەیشتنی نیشتیمانی لە ئەمەریکا ناودەبرێت بە
ADA (Americans with Disabilities Act) Code قانوونی ئەمەریکییە پەککەوتەکان. زۆرینەی ویلایەتەکانیش کۆدی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ کەسانی پەککەوتە.




بینای Longaberger Basket Building، ئۆهایۆ - ئەمەریکا، ١٩٩٧
تەلارساز: NBBJ Architects

”مراوی duck“ ئەو بینایەیە کە وەزیفەو مەبەستی
خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نیشان ئەدات.



دەربڕینی ماناو مەبەست
لەڕێگای ڕەمزێکی تەلارسازی یەوە




دەربڕینی ماناو مەبەست لەڕێگای هێماکانەوە


## "سەقیفەی ڕازاوە decoarted shed" فۆڕمی بینایەکی تەقلیدی یە کە وەزیفەو مەبەستی خۆی لەڕێگای نیشانەو جوانکاری تەلارسازی یەوە ئەخاتەڕوو.

تێبینی:

هەردوو دەستەواژەی مراوی "Duck" هەروەها سەقیفەی ڕازاوە "Decorated Shed"، لەلایەن ڕۆبەرت ڤێنتوری یەوە بەکارهێنراون لە کتێبی "Learning From Las Vegas" ساڵی ١٩٧٢،  مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیەش بەلای ڕۆبەرت ڤێنتوری یەوە  ئەوەیە کە دوو جۆری بینا هەیە، یەکێکیان فۆڕمەکەی نیشانی ئەدات کە وەزیفەکەی چی یە (بۆ نمونە فۆڕمی مراویەکە دوکانێک بووە لە لاس ڤێگاس کە مراوی و هێلکەی مراوی فرۆشتووە، فۆڕمەکە ئەو فەعالیاتەی نیشان داوە کە لەناویدا ڕوویداوە)، فۆڕمەکە هەرخۆی ڕەمزێکە بۆ وەزیفەکەی. دووەمیان ئەو بینایەیە کە نیشانی نادات وەزیفەکەی چییە بەڵکو پێویستی بە ڕەمز و هێما هەیە تا فەعالیاتەکانی ناوی نیشان بدات. ئەمە بینای هۆتێلە، شوقەیە، یان مارکێتە؟ تەنها سەیری ساینەکە بکە.



له هاویندا خەڵک پێویستیان بە ڕووبەرێکە کە پانیەکەی
٢٢ ئینج بێت (نزیکەی ٥٦ سم)
لە زستاندا خەڵک پێویستیان بە ڕووبەرێکە کە پانیەکەی
٢٤ ئینج بێت (نزیکەی ٦١ سم)



## سنورداربوونەکان هانی داهێنان ئەدەن

هەرگیز خەفەت مەخۆ لە سنورداری کێشەی دیزاینەکەت (سایتێکی زۆر بچووک، تۆپۆگرافیەکی نارێک، سپەیسێکی زۆر درێژ، خشتەیەک لە مەتیریەڵ کە پێیان ئاشنا نیت، داواکاری دژیەک لەلایەن خاوەنی ئیشەکەوە) لەناو ئەو سنورانەدا چارەسەرێک خۆی حەشارداوە بۆ کێشەکە.

ئایا سایتێکی مەیلانی لێژ زەحمەتە بۆ دروستکردنی بینایەکی تەقلیدی لەسەری؟ کەواتە پەیوەندیەکی ستوونی دروست بکە لە نێوان سپەیسەکان دا بە قادرمەیەکی جوان یان ڕامپێک یان بۆشاییەکی مەرکەزی atrium. ئایا دیوارێکی کۆنی ناشرین هەیە بەرامبەر بە بینایەکەت؟ کەواتە دیمەنی دیوارەکە وەها بخەرە چوارچێوەیەکەوە کە بیگۆڕێت بۆ شتێکی سەرنجڕاکێش. داوات لێکراوە دیزاینێک بکەی لەناو سایتێک یان بینایەک یان ژوورێک کە تەسک و درێژ بووبێت؟ وا لەو پڕۆپۆرشنانە بکە ببنە گەشتێکی سەرسوڕهێنەر بۆ ئەو کەسەی بەکاریان ئەهێنێت یان پێیاندا تێپەڕ ئەبێت.

危机

## سیمبولی چینی بۆ ووشەی قەیران لە دوو کارەکتەر پێکدێت: یەکەمیان ئاماژە ئەدات بە "ترس"، دووەمیان ئاماژە ئەدات بە ''دەرفەت".

کێشەی دیزاین شتێک نیە کە تۆ بەسەری دا سەرکەویت، بەڵکو دەرفەتێکە کە دەبێ باوەشی بۆ بکەیتەوە. باشترین چارەسەرەکانی دیزاینیش نابنە هۆی نەمانی کێشەکە بە تەواوی، بۆیە کێشەو گیروگرفت وەکو حاڵەتێکی پێویستی ئەم جیهانە پەسند بکە. زۆربەی جار چارەسەرەکانی دیزاین تەنها دەبنە هۆی لەنوێ پێناسەکردنەوەی کێشەکان بەشێوەیەکی ڕوونتر.



## شتێک بکە دەستەوەستان مەبە.

کاتێک کێشەی دیزاین بەڕادەیەک گەورەیە کە دەبێتە مۆتەکە، چاوەڕێ مەکە بگەیتە قۆناغێکی ڕوون و سادەتر پێش ئەوەی دەستبکەیت بە ڕەسم کردن. ڕەسم کردن تەنها ڕێگایەک نیە بۆ باسکردنی کێشەی دیزاین بەڵکو خۆی لەخۆیدا ڕێگایەکە بۆ فێربوونی زیاتر دەربارەی ئەو کێشەیەی کە تۆ هەوڵی چارەسەرکردنی ئەدەیت.



## ناوێکی لێ بنێ.

کاتێک کە بیرۆکەیەک، پارتیەک، یان کۆنسێپتێکت بە خەیاڵدا دێت ناوێکی لێ بنێ، "کێکی نیوە خوراو"، ”خشتەکی داخوراو"، "بارستەی شەق بوو"، "کۆبونەوەی بێگانەکان"، وە هاوشێوەی ئەم نازناوانە یارمەتیت ئەدەن بۆ خۆتی ڕوون بکەیتەوە کە چ شتێکت دروست کردووە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیزاین دا کۆنسێپتی بەهێزتر سەرهەڵئەدەن، لێگەڕێ با ناوە نوێیەکان (کۆنسێپتە نوێیەکان) بێنە پێشەوەو ناوە کۆنەکانیش (کۆنسێپتە کۆنەکان) لەبیربچنەوە و چیتر بەکاریانمەهێنە.



**زەها حەدید**
**١٩٥٠ - ٢٠١٦**

## ئەندازیارانی تەلارسازی کەسانێکن کە بەهرەو تواناکانیان درەنگ دەرەکەوێت بۆ خەڵک.

زۆرینەی تەلارسازان ناگەنە قۆناغێکی گرینگ لەپیشەکەیان و ناوبانگ بەدەست ناهێنن تا دەوروبەری تەمەنی ٥٠ساڵی نەبێت.
هیچ پیشەیەکی دیکە نیە وەکو تەلارسازی کە لە پیشەگەرەکەی بخوازێت چەندین بواری جیاوازی مەعریفە کۆ بکاتەوە لەگەڵ پیشەکەی خۆیدا. تەلارساز پێویستە شارەزا بێت دەربارەی مێژوو، هونەر، کۆمەڵناسی، فیزیا، دەروونناسی، مەوادەکانی بینا، سیمبۆلۆجی، پرۆسەی سیاسی، وە چەندین بواری دیکە. وە پێویستە بینایەک دروست بکات کە بگونجێت لەگەڵ یاساو کۆدەکانی بینا، بەرگەی کەش و هەواو بومەلەرزە بگرێت، مەسعەد و سیستەمی میکانیکی هەبێت، لەگەڵ داواکاریە وەزیفەیی و سۆزدارییەکانی بەکارهێنەر بگونجێت. فێربوونی چۆنیەتی دەمجکردنی چەندین بواری جیاواز بۆ دروستکردنی یەک بەرهەم، کاتێکی یەکجار زۆری دەوێت لەگەڵ چەندین هەوڵ و شکست بەدرێژایی ڕێگاکە.
ئەگەر بە نیازی ئەوەی لە بواری تەلارسازی دا کار بکەیت، تا کۆتایی لەگەڵیدا بەردەوام بە، چونکە شایستەی ئەوەیە.

**ماثیو فرێدریک** تەلارساز و ئێربەن دیزاینەرە کە لە شاری کامبریج ژیان بەسەر ئەبات لە ویلایەتی ماسەچوسێتس. لە ژمارەیەک زانکۆ و کۆلێژدا وانەی ووتۆتەوە، لەناویاندا کۆلێژی تەلارسازی بۆستن و پەیمانگای تەکنەلۆجی وێنتوێرث.